# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی شەشەم ژمارە(122) بەرواری 1-6-2022 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت




## پیرۆزبێت ڕۆژی جیهانی منالاّن



سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی منالاّن دیمانە لەگەڵ هاوڕێیان کامەران لەتیف و سەرگوڵ ئەحمەد،

لە لاپەرە 11-12-13 دەخوێننەوە...



## ڤەی ژمارە

## پەیامەکانی پشت سەردانەکەی نێچیر بارزانی بۆ سلێمانی!

٢٢ ی ئایار، نێچیر بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان! و جێگری سەرۆکی پارتی بەسەردانێک گەیشتە سلێمانی و لە ڕێوڕەسمی دەرچوونی خولی 16ـی ئەفسەران لە کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالان وتارێکی پێشکەش کرد. لە هەمان ڕۆژدا نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی، یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی گۆڕان، کۆمەڵی دادگەری و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی – هەڵەبجە کۆبووەوە.



سەردانی نێچیر بارزانی بۆ بەشداری لە ڕێورەسمی دەرچوونی خولێکی ئەفسەران، و پێشکەشکردنی وتارەکەی لە بنەڕەتدا پاساوێک بوو بۆ خستنە ڕووی چەند پەیامێک.

دۆخی سیاسی کوردستان و زۆربوونی گوشارەکانی سەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەلایەن بەغداوە بەتایبەتیش گوشارەکان بۆسەر دۆسیەی نەوت و غاز و دۆسیەی ئەمنی سنورەکان. هێرشی بەرفراوانتری سەربازی دەوڵەتی تورکیا و کردەوە تیرۆریستیەکانی لە قوڵایی و ناوجەرگەی شارەکانی کوردستان. زۆرتربوونی دەستێوەردانەکانی ئێران و هێرشی موشەکی بەردەوامی بۆسەر هەولێر و دەوروبەری. پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە چوارچێوەی و پرۆسەی ماڵئاوایی لە ڕێکەوتنی تەوافوقی و لەسەر بنەمای حکومەتی زۆرینە. دوپاتکردنەوەی هوشدارییەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دەسەڵاتی هەرێم، کە دۆخی هەرێم ئاوا نامێنێ. بەرین بوونەوەی قڵشتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ جەماوەری نەدار و بێبەشکرا و برسیکراو تاڵانکراوی سفرەکانیان، نابودکردنی پەراوێزەکانی ئازادی و بەرتەسککردنەوەی مافە فەردی و مەدەنیەکان. قوڵبونەوەی ململانێی نێوان حزبە سیاسیەکان لەسەر دەسەڵات و هەژموون و داهات و پۆست. مت بوونی پەرلەمانی کارتۆنی و داخرانی دەرگاکەی بەهۆی ململانێی حزبیەوە. حکومەت و ڕۆڵی لاوازی لەبەرامبەر بە هەژموونی حزبی چەکداردا... تاد. چەند پەروەندەیەکن لەدەستپێکی دۆخێکی تازەی جیهانیدا کە بەجەنگ لە ئۆکرانیا، دنیای خستۆتە بەردەم ئارایش و هاوپەیمانیەتی تازەو دوبارە دابەشکردنەوەی دنیا بەپێی هاوسەنگی تازەی قوتبە جیهانی و بلۆکە ناوچەییەکان.

بۆ لاپەڕە 2

## ناڕەزایەتی جەماوەری لە ئێران بەدژی دەسەڵاتی ئاخوندەکان پەرە دەسەنێت!



چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی ئێران، لە درێژەی نارەزایەتییە بەردەوامەکانیان دژی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئیران، شەپۆلێکی تر لە نارەزایەتیەکان دەستی پێکردووە. ریشەی ئەم نارەزایەتیانەو بەردەوام بوونی، لە نەبوونی و گرانی و هەژاری و بێبەشی و سەرکوت و کۆنەپەرستبوونی رژێمی ئاخوندەکانی نوێنەری سەرمایە لە ئێراندایە.

بۆ لاپەڕە 3

## هێرش و ملهوری تورکیا، زیاد دەکات و دەگاتە قوڵایی شارەکانی کوردستان...



بەجیا لە هێرش و ئۆپەراسیۆنی بەردەوامی ڕژێمی دڕندەی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، هاوکات پیلانەکانی ئەم رژێمە و فراوانکردنەوەی کردەوە تیرۆریستیەکانی و تیرۆری ئەندامان و کادران و لایەنگرانی پەکەکە لە قوڵایی کوردستاندا تادێت روو لەزیاد بوون دەکات. لەچەند مانگی رابردوودا چەندین کەس لە لایەن رژێمی تورکیاوە لە ڕێگەی درۆنەکان و یان لە ڕێگای پیاوە چڵکاوخۆرەکانی کراونەتە نیشانەو تیرۆر کراون. هەروەها

بۆ لاپەڕە 3



## کەمپەینێکی فراوان بۆ بەرگری لەدەرکردنی ٢٠٠ لە کرێکارانی ژینگەپارێز دەستی پێکرد!

ل3

## گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پێکهات...ل7

لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* دیداری یەکێتی، هەوڵێکی نەزۆك بۆ دەرچوون لە ئەزمەو بێ ئاسۆیی...ل4
* پشتیوانی کرێکاران یان ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان......................ل6
* کۆمەڵی ماسك.........................................................................ل10
* ئاڵنكارییەكانی توركیا لەبەردەم بە ئەندام بوون ..............................ل10


### دۆسیەی ژمارە" پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق"



## لەم ژمارەیەدا هاوڕێ ئاسۆ کەمال وەڵام بەبۆپێشەوە دەداتەوە...ل 14-15


پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

## درێژەی وتەی ژمارە

هەموو ئەو دۆسیانە، دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کوردی لە تونێلێکی تاریکدا، راگرتووە. پارتی کە بەوێنەی هێزی یەکەم و خاوەن بڕیاری سیاسی مامەڵە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستاندا دەکات، دەمێکە هەموو بریارێکی سیاسی.. چارەنووسازو دەسپێشخەریەکانی بۆ بەرخورد لەگەڵ کێشەو مەسەلەکان بەدەستەوە گرتووە، بەوە گەیشتووە کە هەلومەرجی سیاسی کوردستان، بەهەموو پێوانەیەک ناتوانێ بەم شێوەی ئێستای بمێنێتەوە. هەرێمی کوردستان یان دەبێت بەکردەوە بچێتە ژێر قەڵەمرەوی و هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی، یان دەبێ ڕیگایەکی تر بگریتە بەر و بەتەواوەتی سەربەخۆی سیاسی و ئابوری و حقوقی خۆی، رابگەیەنێت. دیارە بژاردەی دووەم لە ئێستادا زەمینەی نییەو هەر هەوڵیکی پارتی و بزوتنەوەی بۆرژوازی کورد بۆ ئەوەی دەستبەرداری عیراق و دەسەڵاتی ناوەندی ببێت و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و حقوقی، خۆی رابگەیەنێت، رێگایەکی بن بەستە. ململانێی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق و بۆرژوازی کورد کە پارتی ئاڵاهەڵگریەتی بەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە لە بازنەی ئەو ململانێیەدایە.... بەغدا دەیەوێت هەژموونی سیاسی و یاسایی و دەستوری خۆی بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت و پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتی سەرباری پاشەکشە و هەوڵی بەرگریکارانەیان بۆ مانەوەی سەربەخۆی سیاسی و ئابوری، بەتایبەتیش سەربەخۆی لە فرۆشتنی نەوت و داهاتە نانەوتیەکان و باڵادەستی بەسەر سنورەکان و دەروازە گۆمرگیەکاندا، بەڵام بەهۆی بی ئاسۆیی و نەبوونی هیچ کارتێکی بەهێز بەرامبەر بە بەغدا، ناچار بوون بەشێوەی پەیتا پەیتا، سەری رەزامەندی بۆ دەسەڵاتی بەغدا بلەقینن، بێ ئەوەی بەکردەوە ئەو سەر لەقاندن و رەزامەندی نواندنەیان بۆ بەغدا، وەڵامدەرەوەی خواستی بۆرژوازی عێراقی بێت. بە کورتی پارتی و بۆرژوازی کورد هەم ئامادەی مل دان بە بەغدا و خۆ جوتکردنن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و هەمیش دەستبەرداری بەرژەوەندیەکانیان لەهەرێم نابن و نایانەوێت هەژمونیان بەسەر دۆسیەی نەوت و سنورەکاندا، لەدەست بچێت. لەم ململانیەدا، بۆرژوازی کورد تاک باڵ و بێ پشتیوانە لە ئاستی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە کاتێکدا بۆرژوازی عێراقی هەم لە پشتیوانی ناوچەیی و هەمیش لە پشتیوانی نێودەوڵەتی بەهرەمەندەو خودی دەستوری عیراقیش ئەو مافە بە دەسەڵاتی ناوەندی دەدات، کە باڵادەستی خۆی بەسەر هەرێمدا بسەپێنێت. دیارە باس لە باڵادەستی بەمانای لەدەست دەرهێنانی دۆسیەی نەوت و غاز و پرسی ئەمنی سنورەکانە، نەک گێرانەوەی دەسەڵاتی فیزیکی سەربازی و ئەمنی هێزە عێراقیەکان بۆ هەرێم، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی ترەو هەنگاوی لەو بابەتە زەمینەی نییە و لەحاڵەتیکی ئاوادا دەسەڵاتی ناوەندی هێندەی رووبەرووە لەگەڵ جەماوەری کوردستان، هێندە رووبەروونییە لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی.

نێچیر بارزانی لە وتارەکەیدا بە وێنەی نوێنەری بۆرژوازی کوردو پارتی، پەیامەکەی وەڵامی ئەرینی راشکاو بوو بەبەغدا و بە نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان، کە ئامادەن لەرێرەوی وەڵامدانەوە بەخواستی بۆرژوازی عێراقیدا هەنگاوی بەکردەوە هەڵبگرن. هاوکات پەیام بوو بە یەکێتی نیشتیمانی کە ئامادەیە لەچوارچیوەی مامەڵە لەگەڵ دۆزی تازەی عێراق و پێشهاتە تازەکان، دەورەیەکی نوێ لەگەڵ یەکێتی دەستپێبکات و هەندێک ئیمتیازاتیشی پێ بدات. لەبەرامبەردا چ یەکێتی و چ حزبەکانی تری کوردستان، لە ئاستە گشتییەکەیدا پێشوازیان لە پەیامی نێچیر بارزانی کرد و بە هەنگاوێکی ئەرینی و ڕیگایەک بۆ شکاندنی بەستەڵەکی ناوخۆی کوردستان لێیان ڕوانی...

گرنگترین مەسەلەش بۆ نوێنەری نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی بوو لە، یەکەم: رۆڵی ئیران لە کوردستان و کاریگەری بەسەر حزبەکانەوە کەم بکرێتەوە و کەنار بخرێت. دووەم: پارتی و یەکێتی وەکو دەسەڵاتی دوو زۆنەکەی هەرێم، ئاسۆ سیاسیان و گەرانەوە بێت بۆ ژێرسایەی عێراق و بەکردەوە هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکانی نیوان هەرێم و بەغدا، بنین هەژموونی بەغدا بەسەر پرسی نەوت و غازو سنورەکان پرسی ئەمنی قبوڵ بکەن. سێهەم: پارتی و یەکێتی دۆخی خۆیان ئاسایی بکەنەوە تا هەڵبژاردن لە کەشێکی رێژەیی ئارامدا بەڕێوەبچێت و ڕیگە لەوە بگیرێت خروشانی جەماوەری بگاتە رامالینی دەسەڵات.

نێچیر بارزانی لە وتارەکەیدا قبوڵ بوونی ئەو ئەجندایانەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان و وەڵامی ئەرینی حزبەکانی تری کوردستانیشی ڕاگەیاند.

نەتەوە یەکگرتوەکان و نوێنەرەکەی، باش دەزانن کە حزبەکانی کوردستان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن و هەڵبژاردنی پێشوو بووە بەڵگەنامەیەکی حاشاهەڵنەگر، بۆ نیشاندانی ئەوەی خەڵکی کوردستان ڕێگای خۆی جیاکردۆتەوە و باوەڕ بەوەی ئەو حزبانە کارێک بۆ هاوڵاتیانی بکەن، بە سفر گەیشتووە. هەروەها ئەوەش دەزانن پارتی و یەکیتی بۆیە تا ئێستا لە دەسەڵاتدا ماون چونکە لەلایەکەوە دەستیان بەسەر داهاتی کوردستان و قوتی هاوڵاتیانیدا گرتووەو لەو ریگایەشەوە میلیشیاکانیان قەڵەو دەکەن بۆ بەرگری لە پاراستنیان و لەوەش زیاتر هەر لایەکیان بۆ مانەوەی خۆی، خۆی گریداوە بە دەوڵەتیکی ناوچەکەوە.

تورکیا و ئیران لە هەلومەرجی ئێستادا، بەرژەوەندی سەراسەری تر لە کوردستان و دوورمەوداتر لە دەسەڵاتی ئێستای پارتی و یەکێتیان هەیە. هەرەشەیەک کە لەسەر دەسەڵاتی هەرێم هەیە... لەلایەکەوە گوشارەکانی دەسەڵاتی ناوەندە لەسەر هەرێم لە راستای هەوڵەکانی بۆرژوازی عێراقی بۆ قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتی لە ئاستی سەراسەری عێراقدا و لەلایەکی تریشەوە هائاهەنگ بوونی وڵاتانی ناوچەکەیە لەگەڵ ویست و خواستی دەسەڵاتی بەغدادا. نەتەوە یەکگرتوەکان مامەڵەی فەرمی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دەکەن و خواستی بەهیزبوونی عیراق و حکومەتەکەیان هەیە، بەو مەرجەی دەستی ئیران لە گۆرەپانەکەو لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا لاواز بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش بەدەستەوە گرتنی کارتی هەرێم، لەبەرامبەر بەغدادا، هێشتا جێگای ماوە، بەڵام بەچەندین هوشداری رۆشن. چونکە نە بۆ ئیران و تورکیا و نە بۆ ئەمریکا و غەرب، هەرێمی کوردستان پێگەی جارانی نەماوە. ئێستا چاوەکان و تەماحی بەرژەوەندییەکان روویان لە ناوەندە. نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە جێگای داننان بەو واقعیە ئاشکرایەدا دەیەوێت سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەرەشەی سەر دەسەڵاتی ئاگادار بکات.

بۆ پاساوی ئەو ئاڵوگۆرەی بەڕێوەیە و لە هەرێم و دەسەڵاتی هەرێمدا کە ئەویش لە بنەرەتدا لەژێر کاریگەری هەلومەرجی تازەی ناوچەکەو دۆخی عێراقدایە، نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان باسی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو لایەنەکان، تا دەگاتە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و بەرەنگاری بوونەوەی گەندەڵی ... دەکاتە مەرجی مانەوەی هەرێم یان رەواندنەوەی مەترسیەکانی سەر دەسەڵاتی هەرێم.

دیارە هەرکام لەو مەسەلانە لە باسی هەڵبژاردنی پاک و بێگەردەوە!! و تا دەگاتە سەر یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و تیکەڵ کردنەوەی زۆنەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی... نەک هەر لەتوانای دەسەڵاتی هەرێمدا نییە، بەڵکو دەست بۆ بردنیان دەسەڵاتی هەرێم کۆتایی پێ دەهێنێت. هەڵبژاردن لە ژێر سایەی دەسەڵاتی زۆر و چەک و دەستبەسەراگرتنی داهات و خۆبەستنەوەی دەسەڵاتی زۆنەکان بە وڵاتانی ناوچەکەوە، نەک دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم نارەخسێنیت بۆ بەشداری ئازادانە و کەشی یەکسان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، بەڵکو سەرجەم پرۆسەی هەڵبژاردن دەکاتە درۆیەکی ئاشکرای و پێشتر ئەزمونکراو و لەوەش زیاتر جەماوەری کوردستان بەکردەوە و بەبەشداری نەکردنیان لە هەڵبژاردنی پیشوودا نیشانیاندا کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبی و چەکداردا، هەڵبژاردن مانایەکی نییەو کەس باوەری بەوە نییە لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بکرێت و ئاڵوگۆر لە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیاندا پێک بێت.

یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، یانی دەستبەردار بوونی حزب لە هیزی چەکدار، ئەمەش نەک هەر ئیمکانی نییە، بەڵکو مانەوەی ئەو دەسەڵاتە لەهەردوو زۆنەکەدا بەندە بە مانەوەی هێزی چەکداری حزبیان و ئەگەر پارتی و یەکێتی هیزی چەکداریان لەدەست دەربهێنرێت لەیەکەمین دوبارە بوونەوە ١٧ شوباتێکی تردا، یان خرۆشانێکی جەماوەریدا دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی رادەماڵرێن و هیزی چەکداری ناحزبی دەبنە پشت و پەنای جەماوەری راپەڕیوو یان بێ لایەنی هەڵدەبژێرن و ئامادەی بەرگری لە دەسەڵاتی تاڵانچیٚ دزەکان نابن. هەروەها بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەهیزی دزو گەندەڵ و تالانچی ناکرێت و ئەگەر پارتی و یەکێتی دەست بۆ چاکسازی بەرن، دەسەڵاتیان دادەرمێت و ئەم دەسەڵاتە چاکسازی هەڵناگرێت و لە بنەرەتدا لەسەر پایەی دزی و تاڵانی و پاوانی سەروەت و سامان و قوتی هاوڵاتیان دریژە بەدەسەلاتیان دەدەن.

نێچیر بارزانی باش دەزانێت، دەستبردن بۆئەم دۆسیانە هیلی سورن و دەسەلاتیان کۆتایی پێدەهێنێت... بەڵام ئەو دەیەوێت بە وروژاندنی ئەم دۆسیانە لەلایەکەوە نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان رازی بکات کە ئامادەن بۆ چاکسازی وئالوگۆر تا لەپشتیوانی ئەمریکا و غەرب بۆ دەورەیەکی تر بەهرەمەند بن، و لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی کوردستان، تا لەوڕیگایەوە جەماوەری کوردستان رابکێشتە پای سندوقەکانی هەڵبژاردن و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا، تا وەکو هەڵبژادرنی پیشوو بایکۆتی جەماوەری کایەی هەڵبژاردنەکان، ریسوا نەکەن و دوبارە بەڵگەنامەی "نا" بۆ دەسەڵات، وەرنەگرنەوە.

چ پەیامی نوینەری نەتەوەیەکگرتوەکان و چ پەیامی نیچیر بارزانی لەناو پەیامە زۆرەکانیاندا، لە بنەرەتدا ترسە لە رامالینی دەسەڵات لەلایەن جەماوەرەوە. پیلانی هەردوولاشیان، هەوڵە بۆ بەرگرتن بەو بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەی بەکردەوە لە ١٧ شوباتەوە وەرکەوتووەو تا هاتوە فراوانتر و بەرینتر و رۆشنتر و سەراسەری تر بۆتەوە و ئەزمونی بەخشیوەتە بزوتنەوەکەو بە لارێدا بردن و دەستەمۆکردنی یەکجار سەخت بووە... دیارە چ بارزانی و چ نوینەری نەتەوە یەکگرتوەکان بەو راستیەش پەی دەبەن کە ئۆپۆزیسۆنێک لە خانەی بۆرژوازیدا ئامادەیی نییە کە بتوانێت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەی دەستەمۆ بکات و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە دارمان بپارێزێت.

بۆیە نە پەیام و هوشداریەکانی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان و نەپەیامەکانی نیچیر بارازانی ناتوانێت دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لە دارمان و نەمان بپارێزێت.

**عەبدوڵا مەحمود**

## دریژەی... ناڕەزایەتی جەماوەری لە ئێران بەدژی دەسەڵاتی ئاخوندەکان پەرە دەسەنێت!

بێکاری و گرانبوونی شتومەک و کاڵاکان، لەپاڵ نەبوونی کەمترین ئازادی و سەرەتاییترین مافە فەردی و مەدەنیەکان، چینی کرێکار و جەماوەری ملیۆنی خەڵکی بێبەشی ئێرانی خستۆتە بەردەم هەلومەرجێکی سەخت و دژوارەوە. ئەم هەلومەرجە هیچ رێگایەکی نەهێشتۆتەوە جگە لەوەی کە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش بێنە مەیدان و بزوتنەوەی نارەزایەتی بەدژی ئەم هەلومەرجە سەختەدا بگرنە بەر. بزوتنەوەیەک کە تادێت فراوانتر دەبێتەوە، خاراوتر دەبێت، رێکخراوتر خۆی دەنوێنێت، ئاستی داخوازییەکانی دەباتە سەرەوە، وەڵام بەلاوازیەکانی خۆی دەداتەوە و رابەری بۆ ئامانجەکانی دەستەبەر دەکات... لەو نێوەدا رۆڵی چینی کریکار و بزوتنەوەی کرێکاریی لە پێشرەویەکی بەچاودایە. چینی کریکار لە ئێران بە کردەوە بۆتە زمان حاڵی سەرجەم بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لە چەشنی بزوتنەوەیی دژە بێکاری، بزوتنەوەی موعەلیمان و خانەنشینان و لاوان و ژنان و خوێندکاران...تاد.

لەگەڵ ئەوەدا رژێمی ئیسلامی ئێران لەلایەکەوە هەمیشە خەریکی پیلانگێری و دوبەرەکی نانەوەیە لەناو بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری ئێراندا و لەلایەکی تریشەوە حەربەی سەرکوت و ترس و تۆقاندنی بەدەستەوە گرتووە، بەڵام بزوتنەوەی رووڵەپیشی کرێکاری و جەماوەری لەوە واوەتر رۆشتووە پاشەکشەی پیٚ بکرێت یان توشی وەستان بکرێت... لەوەش زیاتر مۆرکی سیاسی بە بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەرییەوە لکاوەو جەماوەری بێبەشی ئێران بەو راستیە گەیشتوون کە بەدیهێنانی کەمترین ئاڵوگۆڕ لەژیان و گوزەرانیاندا، بەکردەوە لە گرەوەی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی رەشی ئاخوندەکان و سەرمایەدایە. خواستەکانی خەڵکی ئێران تادێت بەرینتر دەبیتەوە و خودی مۆرە گەورەکانی دەسەڵاتی کردۆتە نیشانە، دروشمەکانی ئەم دوایە بەدژی خامەنەیی باشترین بەڵگەی ئەو راستیەیە.

ئەو بزوتنەوە فراوانە جەماوەرییەی لە ئێراندا لە ئارادایە، سەرەتایەکی ئێکجار ئومێد بەخشە نەک تەنها بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکو بۆ سەرجەم بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری لەسەرتاسەری ناوچەکەدا، بۆیە پێویستە ئەو بزوتنەوەیە پشتیوانی فراوانی لەلایەن چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی ناوچەکەوە لێبکرێت... یەک رۆژ زوتر کۆتاییهینان بەدەسەڵاتی رەشی جمهوری ئیسلامی، بەمانای دەستراگەیشتی زوترە بە ئازادی و خۆشبەختی و دنیایەکی باشتر، بەتایبەتیش ئەگەر رابەری ئەم جوڵانەوە فراوانەی خەڵکی ئێران بەدەست چینی کرێکاریی رێکخراو خاوەن ئاسۆی رزگاری خۆی بێت.

## دریژەی ...هێرش و ملهوری تورکیا، زیاد دەکات و دەگاتە قوڵایی شارەکانی کوردستان...

لە چەند هێرشی فرۆکەکانی تورکیادا بۆسەر کەمپی مەخمور و بنکەیەکی تر لە نزیک ئاغجەلەر چەندین هاوڵاتی و ئەندام و لایەنگری پەکەکە کوژراو یان بریندار بوون.

هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا و کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەگەر پێشووتر زۆرتر لەسەر سنورەکان ئەنجام دەدران، ئەوا ئێستا هێرش و کردەوە تیرۆریستیەکانی لە قوڵایی کوردستان و ناو شارەکاندا ئەنجام دەدرێن. ئەم ئاڵوگۆرەو بەرین بوونەوەی هێرش و کردەوە تیرۆریستیەکانی تورکیا، تەنها پەیوەست نییە بەخودی دەوڵەتی تورکیاوە، بەڵکو هاوکات دەسەڵاتی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش پارتی و یەکیتی بەرپرسی ئەو تاوانکارایانەن کە تورکیا لە کوردستاندا ئەنجامیان دەدات، چونکە ئەگەر تورکیا چاوساغی بۆ نەکرێت و رێگای بۆ ئاوەڵانەکرێت و دەزگا هەواڵگریەکانی هەرێم هاوکاریان نەبن ناتوانن لەناو جەرگەی شارەکاندا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن. ئەوەی لەو نێوەدا هێندەی تر دەستی هاوکاری تیرۆریستی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەم کردەوە تیرۆریستیانەدا ئاشکرا دەکات، ئەوەیە کە بکوژان و تیرۆریستەکان بۆی دەردەچن و کەس لەسەر ئەم تاوانکاریانە دەستگیر ناکرێت.

هێرش و پەلاماری دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێم و کردەوە تیرۆریستەکانی، تەنها هێرش و کردەوەیەکی تاوانکارانە دژی نەیارانی دەوڵەتی تورکیا نییە، بەڵکو پێشێلکاریەکی ئاشکرا و وردکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و هەر حزب و لایەنێکی سیاسییە کە خاوەنی کەمترین پرانسیبی سیاسی بێت. دیارە دەوڵەتی عێراقیش کە رۆژانە بانگەشەی سەروەری خاکی عێراق!! پاراستنی ئیرادەی تاکەکانی! دەکات، بەرپرسیارە لەو تاوانکاریانەو بێدەنگە هەڵبژاردنی نیشانەی ئاشکرای هاوکاری دەوڵەتی عێراقە بۆ ئەم کردەوە تیرۆریستی و هێرشە بەردەوامانە.

بێ دەربەستی دەوڵەتی عێراق و بێدەنگە و تەنانەت هاوکاری حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ رژێمی فاشیستی تورکیا، زیاتر دەستی تورکیای ئاوەڵاکردەوە تا هێرش و ملهوریەکانی زیاتر بکات و دەستی بگاتە ناو قوڵایی شارەکانی کوردستان.

لەبەرامبەر بەو شەپۆلە لە تاوانکاری بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا، پێویستە خەڵکی کوردستان و ئەو لایەنە سیاسی و جەماوەری و هەڵسوراوی سیاسی و رابەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، کەبەکردەوە دژی هێرش و کردەوەی تیرۆریستی دەوڵەتی تورکیان، رۆڵی کاراو بەنەخشەو فراوان بۆ هێنانە مەیدانی خەڵکی کوردستان بەدژی دەوڵەتی تورکیادا بگێرن... کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان هێزی فراوانی جەماوەرییان بهێنە مەیدان نەک تەنها بۆ ئیدانەی لەشکرکێشی و کردەوە تیرۆریستیەکان، بەڵکو بۆ ناچارکردنی دەوڵەتی تورکیا تا بنکەو بارەگا سەربازی و جاسوسیەکانی لە کوردستان بکشێنێتەوە.

هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا، نیشانەی بەهێزی ئەو رژێمە نییە، بەڵکو نیشانەی داماوی دەرگیربوونیەتی لەگەڵ دەیان ئەزمەی ناوخۆیی و دەرەکی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی... بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستانی عێراقدا بە هاتنە مەیدانی بەدژی دەستێوەردان و ملهوری رژێمی تورکیادا، کۆمەکی گەورە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی دژی دەسەڵاتی ئەردۆغان و ئاکپارتی دەکات، لەپێناو ئایندەیەکی باشتر و ئینسانیدا.

# کەمپەینێك بۆ بەرگری لەدەرکردنی ٢٠٠ لە کرێکارانی ژینگە پارێز دەست پێدەکات!

**بۆ بەرگری لە دەرکردنی ٢٠٠ کرێکاری ژینگەپارێز و چاودێر و سایەق، لەلایەن کۆمپانیای کارگێس لە ناوچەی پشدەر و بیتوێن، بەدەیان لە رابەران و هەلسوڕاوانی کریکاریی و چالاکوانی سیاسی و جەماوەری و خەڵکی ئازادیخواز، کەمپەینێک رادەگەیەنن و داوا دەکەن بریاری دەرکردنی ئەم کرێکارانە هەڵبوەشیتەوە و لەجێگای ئەوە گرێبەستەکانیان بۆ نوێ بکرێتەوەو رێز لە کارەکانیان بگیرێت و لەکاتی خۆیدا موچەیان پی بدرێت... ئەمەی خوارەوە دەقی یاداشتی کەمپەینەکەیە...**

## کرێکارانی ژینگەپارێز مستەحەقی ڕیزلێنان ودابینکردنی موچەکانیانن نەک لەسەرکار دەرکردنیان!

نامەیەک بۆ بەردەم وەزیری کار لەهەرێمی کوردستان
بەڕیز کوێستان محەمەد وەزیری کار..

هەروەک ئاشکرابوە لەسەرەتای ئەم مانگەدا، کۆمپانیای کارگێس لەدەڤەری پشدەرو بتوێن بەبڕیارێک ٢٠٠ کرێکاری ژینگەپارێز وچادێرو سایەقی لەسەر کارەکانیان، دەرکردوە. ئەم بڕیارەش بەدوای تازەکردنەوەی گرێبەستی کار لەنێوان شارەوانیەکان وکۆمپانیای ناوبراودا، بەبێ لەبەرچاگرتنی هیچ حسابێک بۆ ژیانی ئەم کرێکارانەو خێزانەکانیان ، ئەمە لەکاتێکدایە کە کرێکارانی ژینگەپارێز بەزەحمەت و ماندوبونێکی زۆر وبەموچەیەکی کەم خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بەهاوڵاتیان کردوە، تا شارەکان لەپیسوپۆخڵی پاک بکەنەوە وکۆمەڵگاش لەدەردوبەلای نەخۆشی دوربخەنەوە.

کرێکارانی ژینگەپارێزی دەڤەری بتوێنو پشدەر سەرەڕای سەختی کارەکانیان وئامادەییان بۆکارکردن، هێشتا موچەی چەند مانگیان لەلایەن کۆمپنای کارگێسەوە پێنەدراوە، کەچی ڕووبەڕویی نانبڕین ولەسەرکاردەرکردن کراونتەوە، ئەمەش غەدرو زوڵمیکە کەنەلەیاسادا جێگای دەبێتەوەو نەهیچ پرەنسیپێکی ئینسانی قەبوڵیدەکات. وەزارەتیکار لەبەرامبەر ئەم غەدروزوڵمەی کەلەکرێکارانی ژینگەپارێز دەکریٚ لەباتی ئەوەی لەغەمی گێرانەوەی موچە نەدراوەکانی کرێکارنو باشکردنی دۆخی کارو ژیانی ئەوان دابێت، کەچی دەبینین لەئاست دەرکردون ونانبراوکاردنی کرێکاراندا بێدەنگی هەڵبژاردوە وهیچ کاردانەوەیەک نیشان نادات، لەکاتێکدا کە بڕیاری دەرکردنو نەدانی موچەی کرێکارانی ژینگەپاریز لەلایەن کۆمپانیای کارگیسەوە، پێچەوانەیە بەبەیاسا کارپێکاروەکان لەهەریمی کوردستاندا. هەربۆیە ئێمە ئیمزاکەرانی ئەم نامەیە، لەگەڵ ئەوەدا نارەزایەتی خۆمان بەم بڕیارە هاوبەشەی نیوان کۆمپانیای کارگێس و شارەوانەیەکان دەردەبڕین و پێمان وایە هەنگاوێکی سەراپا دژی کرێکاریو دژی ئینسانیەو دۆخی کرێکارانی ژینگەپارێز بەرەو هەژاریو نەهامەتیەکی گەورەتر ڕاپێچ دەکات. هاوکات داوادەکەین کەکار بکەن بۆ ڕاگرتن وهەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە و گێرانەوەی کرێکارانی لەسەر کار دەرکراو بۆ سەرکارەکانیان، بەپێچەوانەوە نابەرپرسیارێتی وەزارەتەکەتان دەرهەق بەکرێکارانی ژینگەپاریز لەئاست ئێمە و ڕایگشتی خەڵکی کوردستاندا دەسەلمێنی.

**بۆ پێشتیوانی کردنی لەکرێکارانی ژینگەپارێز ناو وئیمزای خۆت لە ڕێگای ئەم ئیمێڵەوە بنێرە:**

mmahdirasool59@yahoo.com

**بۆزانیاری زیاتر: 07702237250**

# دیداری یەکێتی، هەوڵێکی نەزۆک بۆ دەرچوون لە ئەزمەو بێ ئاسۆیی!!

**عەبدوڵا مەحمود**

کۆتایی مانگی ئایار دیداری یەکێتی دەستی پێکرد کە چوار ڕۆژی خایاند. بەپێی قسەوباسی بافڵ تاڵەبانی و سەرجەم بەرپرسەکانی تری یەکێتی نیشتیمانی، دیداری یەکێتی تەواوکەری کۆنگرەی چوار و لەپێناو نوێ بوونەوە تازەکردنەوەی یەکێتی و گێرانەوەیەتی بۆسەردەمی مام و ئاشتکردنەوەیەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەو کاتەی کە جەلال تالەبانی بووە سەرۆک کۆماری عێراق، ڕەوتێکی پاشەکشەی خێرای دەستپێکرد و بەنەخۆش کەوتن و دورکەوتنەوەی لە کایەی سیاسیدا یەکێتی هێندەی تر پاشەکشەی پێکراو و بووە ژمارەیەکی بچوک لە چاو نەیارە سیاسییە مێژوویەکەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانە.

بەدوای ئەم پاشەکشەیەی یەکێتی و پاشان مردنی تاڵەبانی، یەکێتی بە کردەوە بێ سەر مایەوەو پرسی رابەریکردنی یەکێتی بووە چەقی ململانێی نێوان باڵ و لاباڵەکانی یەکێتی و ئەمەش لە جێگای ئەوەی تەکانێک بە یەکێتی بدات بۆ دەرچوون لە ئەزمەو بن بەستی سیاسی و دۆزینەوەی دەروازەیەک بۆ چارەسەری کێشەناوخۆییەکانی، و لەپیش هەموویانەوە پرسی رابەری، هێندەی تر یەکێتی نیشتیمانی دەرگیری بێ ئاسۆیی سیاسی و هاوکات دۆخی ناوخۆیی یەکێتی بەرەو شپرزەیی و بێسەرەوبەریی برد.

کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانی کە بە بانگەشەی نوێکردنەوەی یەکێتی دەستی پێکرد، لەهەموو رویەکەوە هەرچی خاڵ و پۆینی نوێ لە یەکێتیدا مابوو، لەبەینی برد و بەکردەوە کۆنگرە بووە گۆرەپانی تەسفیەی سیاسی دەیان و سەدان کاراکتەری پێشووی یەکێتی و هێنانە پیشەوەی ریزێکی بەرین لەکادر و هەڵسوڕاوی بی کاریگەر و بێ نەخش و لاکەوتەی سیاسی و گۆڕانی یەکیتی بە حزبی بنەماڵە. لە باری سیاسیشەوە نەک نەیتوانی ببێتە هەڵگری هیچ پەیامێکیکی رۆشن، بەڵکو پەیامە نیوە مردو و نارۆشنەکانی پێشوشی مردار کردەوە و بەکردەوە یەکێتی دەست بەتاڵ لە سیاسەت و پرۆژە کرد و حەماسەتی هەرزەکارانەی گڕاوی، یەکیتی بن بەستێکی تەواو عەیار کرد. ئەوەی یەکێتی هێشتەوە و ئێستاش بە لە گیانەڵاییدا ماوەتەوە، پاوانی داهاتی زۆنی سەوز، هێزی چەکدار و ئەمنی، خۆبەستنەوە بە ئێرانەوەیە.

یەکێتی لە دوای کۆنگرەی چوارەوە، نەک نوێ نەبۆوە، بەڵکو بەرەو مۆدیلی حزبی بنەماڵە و پاوانی دەسەلاتی ماڵەباوان وەرچەرخا. لەهەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاسایی و ئیدارییەوە، توشی دارمانێکی بی وێنە بوو. ژیان و گوزەرانی خەڵک بەوپەری خراپی ڕۆشت، بێ موچەیی و دواکەوتنی موچە، مردن لەسەرەی وەگرتنی موچە تا ئێستا دوبارە دەبێتەوە. دزی و سەرانە سەندن و نائەمن کردن و تاڵانی ئاشکرای داهاتی زۆنی سەوز. پەرەسەندنی تاوان و میلیتاریزەکردنی شوێنی ژیانی خەڵک لە ململانێی ناوخۆی و عەنتەریاتی بەرپرسە حزبی و چەکدارەکان و شان خاڵی کردنەوە لەهەموو بەرپرسیاریەک، وێران بوونی خزمەتگوزارییەکان لەوانە خاڵی بوونی خەستەخانەکان لە کەمترین پێداویستی تەندروستی تا رادەی باس لە داخستنیان. وێران بوونی کەرتی پەروەردە، ڕیگاو بانی خراپ و مردن بە روداوی هاتوچۆ، زیاد بوونی رادەی تاوان بە جۆرێک کەم هەفتەو تەنانەت رۆژ هەیە تاوانی زۆر وەحشیانە روونەدەن کە بەشێکی زۆریان لەلایەن بەرپرسانی حزبیەوە دەکرێن... جیا لەهەموو ئەمانە یەکیتی لەسەر ئاستی هەرێم و بووە پاشکۆی روداو و پێشهاتەکان و دەستخاڵی لەهەر سیاسەت و دەستبردن بۆ هەر پرۆژەیەکی سیاسی دورمەودا و رۆشن. وە پاشەکشەکردن نەک لەبەرامبەر بە پارتیدا، بەڵکو لەبەرامبەر هێزە محلی و خۆجێیەکانی زۆنی دەسەلاتدارێتیەکەیدا. لەسەر ئاستی عێراقیش هەوڵەکانی بەتایبەتی لە هێنانە گۆری پرسی لامەرکەزی کە زۆرتر کارتێکی گوشار بوو بۆسەر پارتی بەشوێنێک نەگەیشت، وە لەپەیوەند بە مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی تری عێراقدا، رۆڵی بەتەواوەتی بەرەو کەنار رۆشت.

یەکێتی لەوەها هەلومەرجێکدا بۆ دەربازبوون لەهەموو کۆسپ و گیروگرفت و ئەزمە هەمەگیرانەی دەیەوێت بە وەرێخستنی دیداری یەکێتی، ڕیگایەک بدۆزیتەوە، بەڵام هەر ئەوەی کە دەڵێن ئەوە تەواوکەری کۆنگرەیە، نیشانەی ئەوەیە دیداری یەکێتی لە دەستپێکدا بن بەستە، خودی کۆنگرە ئەلگۆ و فۆرمێکی شکست خواردوو بوو، تەواوکەری کۆنگرە یانی درێژەدان بەو ئەلگۆ و فۆرمە شکستخواردووە. باسی نوێ بوونەوە دەکەن لەکاتێکدا بەکردەوە یەکێتی بۆتە بوکەڵەی دەستی بنەماڵەو لە حزبی سیاسی خاوەن بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ و رێ وشوێنی حزبایەتییەوە گۆڕاوە بۆ بریاری تاقانەی ماڵەباوان و کوڕانی بنەماڵە... باسی ئاشتکردنەوەی جەماوەر دەکەن، لە کاتێکدا هەموو رۆژێک بە دەست بەسەراگرتنی داهاتەوە، بەهۆی دواخستنی موچەو دابەش نەکردنیەوە، بە نەبوونی ڕێگاچارەیەک بۆ رێگری لە بەرین بوونەوەی تاوانەکانەوە، بە پاوانی داهاتی سنورەکانەوە، نەک خەڵکی زۆنی سەوز بەڵکو لایەنگران و دۆست و جەماوەری خودی یەکێتیش، لە یەکیتی تەکیونەتەوە یان سەنگەریان گواستۆتەوە متمانەیان بە یەکیتی و سەرکردایەتی و سیاسەتەکانی نەماوە. دیداری یەکیتی باسی رۆڵگێرانی یەکێتی لە هەرچوار پارچەی کوردستان دەکات، لە کاتێکدا زۆنێکی شارو نیوی پێ بەڕێوە نابرێت و بن بەستە لە وەڵامدانەوە بەسەرەتاییترین کیشەکانی ژیر سایەی دەسەڵاتدارێتیەکەی. باسی سەربەخۆیی بریاری سیاسی و پەیوەندی سیاسی سالم دەکەن، لە کاتێکدا دیبلۆماسیەتی یەکیتی لە پەیوەندیەکانیدا، هێندە شکست خواردووە، پەیوەندیەکی ئاسایی و دورمەودای لەگەل هیچ هێزێکی سیاسی نییەو لە ئاستی ناوچەکەشدا، لەلایەکەوە خەریکی خۆشخزمەتی بە ئیران و لەلایەکی تریشەوە خەریکی پارانەوەو ئاشبوونەوەیە لەگەڵ تورکیا و پەیمانی پشتیوانی لە هێزە نەیارەکانی وڵاتەکانی ناوچەکەش بەدەستەوە دەگرێت.



دۆخی نەخوارِوای یەکێتی بە دیداری یەکێتی بەو بانگەشانەی ئێستا بەدەستیەوە گرتووە، بە شوێنیک ناگات و گرێ کوێرەی سیاسی و بی ئاسۆی یەکێتی ناکاتەوە. یەکێتی کە هەلگری هیچ ئەلگۆ و فۆرمێکی ژیانی حزبایەتی سەردەم و دەستخاڵی لەهەر پرۆژەیەکی سیاسی جیاواز لە حزبە نەیارەکانی نییە... ناتوانێت جیاواز بیت لەو دەسەڵاتە سەراسەریەی کە کەوتۆتە بەردەم بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریەوە. قڵشتی یەکیتی لەگەڵ جەماوەری کوردستان و تەنانەت لەگەڵ جەماوەر و لایەنگرانی خۆی، بەیانی ئەو راستیە دەکات کە شانسێک بۆ یەکیتی نەماوە بۆ زیندبوونەوە و بەرامبەرکێ کردن لەگەڵ نەیارە سیاسیەکانیدا.

یداری یەکیتی وەکو خۆیان دەڵێن درێژە پێدەری کۆنگرەی چوارە، بەڵام کۆنگرەیەکی شکستخوارد. ئەم دیدارەی یەکێتی بەجیا لە چەپڵە ڕیزان بۆ کردنی هاوسەرۆک بە سەرۆکی بێ رکەبەری یەکێتی و کوشتنی هەموو دەنگێکی نارەزایەتی لەناوخۆی یەکێتیدا، ناتوانێت هیچ هەنگاوێک لەو دۆخە چەقبەستوەی تیی کەوتووە بنێت و هیچ ئاسۆیەک بخاتە بەردەم ئایندەی خۆیەوە... هەموو ئەو کادرو بەرپرسانەی یەکێتی کە بەشان و شەوکەتی دیداری یەکتیدا هەڵدەڵێن، باش دەزانن درۆ دەکەن و ویژدانی خۆیان ئازار دەدەن، تا سەرۆکی بێ رکەبەری یەکێتی لەخۆیان رازی بکەن و لەو کۆمپانیایەی ناوی یەکتێیە، خێر و بەرەکەتێکیان دەست بکەوێت.

بیگومان ئەو دۆخەی یەکیتی تێی کەوتووە، دەرفەت دەدات بە نەیارەکانی یەکێتی لەپێش هەموویانەوە پارتی تا کەڵک لەو دۆخەی یەکیتی وەربگرێت و سەرمایەگوزاری لەسەر بکات.

# نامەیەکی کراوە بۆ مەلای بێ مەندیل مەلا بەختیار

**نووسینی: کاوە پیرۆت**

مەلای بێ مەندیل مەلا بەختیار لە فیستیڤاڵی گەلاویژدا بە سێ ڕەخنەی تەکنیکی دەستی بە قسەوباسەکانی کرد من تەنها ئیشارە بە دانەیەکیان دەکەم و دوانەکەیتر بە قەولی خۆی تەرح بۆخۆی. یەکەم وتەی وتی با ڕەخنە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین وەکو هەنگی لە دارا دۆزیبێتەوە، سیستەمی دەنگمان تەواو نییە!!

مەلا بەختیار حەوت مایکرۆفۆنی لەبەردەمە هێشتا ناڕازیە!! کە دەنگی ناگاتە دانیشتووانی فیستیڤاڵەکە بۆگەوجاندنیان. وامزانی مەلا باسی وەزع و ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکات کە حیزبەکەی بەرێزی بەسەر ئەو خەڵکە بەدبەخت و چارەڕەشەی کوردستانیدا هێناوە، هەر لە نەبوونی موچەوە تاکو سادەترین مافی سەرەتایی ئینسان و دابین نەکردنی زەڕەیەک لە ئازادی سیاسی و کردنی کوردستان بە قەسابخانەی ژنان، وامزانی مەلا بەختیار باسی وەزعی ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکات کە بۆ موچە نییە؟ بۆخوشگوزەرانی نییە؟ بۆ ئازادییە سیاسییەکان نین؟ بۆ خزمەتگوزارییەکان نین و ئەوانەی هەش بوون وێرانکران و هەرزان فرۆش کران. من زۆرباش دەزانم کە ئەمە کاری تۆ نییە کەچی نیگەرانی لە سیستەمی دەنگی.

مەلای بێمەندیل ئایا بەڕێزت دەزانیت کە خەڵکی تاقەتی نەماوە لە گوێگرتن لە چەواشەکاریەکانتان. بەڕێزت بە چ چاوڕوویەکەوە داوای سیستەمی دەنگی باش دەکەیت بۆ فریودانی خەڵک؟ دەڵێی کۆمپانیامان بۆ گرتوە کە چی دەنگمان هەر ناگات!

باش بزانە کە دەنگت زور باش ئەگات بەس چیتر ناتوانن خەڵک بگەوجێنن!!

ئایا بەڕێزت هەر ئەو مایکرۆفۆنەی قسەی پێ دەکەیت و خەڵک دەگەوجێنیت بۆ حیزبەکەت هەر ئەو حیزبە نەبوو بەڕێزتی زیندانی سیاسی کردو وەکو ئیهانەیەکیش برایم جەلال دادگایی دەکردیت. ئاخر پێم ناڵیت بەچی چاوەرویەکەوە دەتەوێ ڕووی قێزەونی حیزبەکەت سپی بکەیتەوە؟ مشکیلەی خەڵکی مایکرۆفون و سیستەمی دەنگی نییە، موشکیلەی خەڵک نەدانی موچەیە، نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانە، نەبوونی ئازادی سیاسیە!!

لەم دوایانەشدا کتێبێکت دەرکردوە بەناوی چەپ و دیموکراسی گەلان و راسان و مارکس و لینینیشت پێ هەڵەیە، خۆ ئەوە مارکس نەبوو بەڕێزتی زیندانی سیاسی کرد، ئەوە کۆمەڵەی مارکسی و لینینیەکەی بەرێزت بو زیندانی سیاسی کردیت !

## پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...



شاخەوان ناسیح ئەندامی دامەزرێنەری دەستەی داکۆکیکارانی نەخۆشخانەی هیوا لەوەڵام بەپرسی ڕۆژی ئەم ژمارەیە دەداتەوە...

هەلومەرجی بەڕێوەبردنی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ لەماوەی حوکمرانی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ڕوولەخوارە، و بەتەواوی فشاری بۆسەر ژیان و مانەوە و سەلامەتی خەڵک هێناوە.

نەخۆشخانەی هیوا لەو تونێلە تاریکەی سیستەمی تەندروستی پێیدا تێدەپەڕێت لەژیانی هەزاران کەس لە هاوڵاتی عێراق و کوردستان تروسکاییەکی کەم بوو، بەڵام دیارە ئەو تروسکاییەش خەریکە فوی پێدادەکرێت و دەکوژێتەوە.

ئێوە وەک ئەندامی سەرپەرشتیاری ئەو کەمپینە بۆ نەکوژانەوەی ئەو تروسکاییەی لە نەخۆشخانەی هیوا دەردەچێت هۆکار و تەنگەژەکان و چارەسەرەکەی چۆن دەبینن.

شاخەوان ناسیح: ئەندامی دامەزرێنەری دەستەی داکۆکیکارانی نەخۆشخانەی هیوا لەوەڵام بەپرسی ڕۆژدا

هەروەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکردووە نەخۆشخانەی هیوا تروسکاییەکە، ئەو تروسکاییەش بۆ ٩٥%ی تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجەیە. بەپێی ئەو ئامارەی ئێمە لە نەخۆشخانەی هیوامان وەرگرتووە، ٩٥%ی تووشبوان بەو نەخۆشیە، لەئاستێکدان کە توانای کڕینی دەرمان و خۆچارەسەر کردنیان نیە، بۆیە ئەم نەخۆشخانەیە هیوایەکە بۆ ٩٥%ی نەخۆش لەسەرتاسەری عێراق.

هەر بۆزانیاری بەڕێزتان ئەم نەخۆشخانەیە لە ساڵی ٢٠٠٧ کە دامەزراوە تاکۆ ئەمڕۆ، نزیك بە ٣٣هەزار نەخۆشی چارەسەر کردووە بەبێ بەرامبەر، ئەم نەخۆشانەش تەنها ٣٣%یان سەر بە پارێزگای سلێمانی دەوروبەری بووە، ٦٧%ی لە هەموو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان و خوارو و ناوەڕاستی عێراق و بگرە وڵاتانی تری ناوچەکەش بووە.

هۆکاری ئەوەی کە نەخۆشخانەی هیوا فەرامۆشکراوە بۆئەوەی ئەگێڕینەوە، کە دەسەڵاتی مەرکەزی و هەرێم وەکو هەموو پرسەکانی تر، ئەم نەخۆشخانەیەشیان کردۆتە قوربانی ململانێ سیاسیەکانی نێوان خۆیان، وەکو چۆن موچەی خەڵکی بووەتە قوربانی ئەو ململانێیە، بەهەمان شێوەش دابینکردنی دەرمان و مووچەی کارمەندەکانی و دامەزراندنی خۆبەخشەکانی و دابین کردنی ئامێر و دروستکردنی بینایەکی گەورەتر لەو بینایەی ئێستا هەیە واتە "هیوای گەورە"، ئەمانە کێشە ئەساسیەکانی ئەم نەخۆشخانەیەن و ئێمەش هاتووین ئەم کێشانە نەهێڵین.

ئێمە دەستەی داکۆکیکارانی نەخۆشخانەی هیوا کەمپەینێکمان بەڕێخست و بەهەزاران کەس پشتیوانیان کردین، یاداشتێکمان نوسیوەتەوە و تێیدا کێشەکان و چارەسەرەکانمان خستۆتە ڕوو، ئەم یاداشتەش ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، تائێستا سەردانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیمان کردووە و لەنزیکەوە کێشەکانمان خستۆتە بەر دەسیان، و ئەوانیش لە ڕێگەی خۆیانەوە بەرزیانکردۆتەوە بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆیان. بەم نزیکانەش دانیشتنمان لەگەڵ بەشێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق و کوردستان دەبێت، بۆئەوەی ئەم بابەتە بەرینە ناو پەرلەمانەوە، هەروەها کار بۆئەوەش ئەکەین لەگەڵ وەزیری تەندروستی هەرێم و عێراقیش دابنیشین، کێشەکانیان لەگەڵدا تاوتوێ بکەین، ئەمانە سەرەتای کارەکانمانن، ئەگەر وەڵامی پۆزەتیڤ هەبوو زۆر باش ئەبێ، ئەگەرنا؟ ئەوکات قۆناغی دووەمی کارەکانمان دەستپێدەکات، کە لەڕێگەی فشاری جەماوەریەوە ناچار کرێن وەڵام بە کێشەکانی نەخۆشخانەی هیوا بدەنەوە و چارەسەریان بکەن.

تێبینی: سەردەمانێك نەخۆشخانەی هیوا دروستکرا، ڕۆژانە تەنها ٥٠کەس سەردانی ئەو نەخۆشخانەیەی دەکرد، ئێستا ڕۆژانە ٦٠٠کەس سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەکات. بەتەنیا لە ساڵی پار ٣هەزار حاڵەتی تازەی تووش بوون بەو نەخۆشیە لەم نەخۆشخانەیە تۆمار کراوە، ئەمساڵیش ڕۆژانە ١٥حاڵەتی تازە تۆمار کراوە تەنها لە نەخۆشخانەی هیوا، ئەم ئامارانە ڕاچڵەکێنەر و پێویستی بە دەنگەوە هاتن هەیە، و پێویستە هەموومان فشار دروستکەین لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان و کێشەکان بنەبڕکەین.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەووو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# پشتیوانی کرێکاران یان ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان



عبدالرحمن رسول

زۆرینەی کۆمەڵگە زیاتر پشتگیری و پشتیوانی لە بوون بە ئەندام پەرلەمان و وەزیر کردووە لە هەڵبژاردنەکان دەنگی پێداوە دواتریش بە ناوی نوێنەرایەتی خەڵکەوە لەپەرلەمان و حکومەت قسەی کردووە بەبێ ئەوەی قسەو بیروڕاکانی سوودی بۆ خەڵکی کۆمەڵگە بەگشتی و ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەبێت و ژیانیان بەرەو باشتر بگۆڕێت، تەنها ژیانی خۆیان وەک وەزیرو ئەندام پەڕلەمان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان باشتر کردووە بەکردار نەک ژیانی خەڵکی کۆمەڵگە.

بەردەوام سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکان درۆو دزیشیان کردووە زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگەش پێیان دەڵێت دزو درۆزنن، کەچی هەر باوەڕییان پێ دەکەن بە بەڵێن و وەعدە درۆینەکەیان فریودەخۆن. کرێکاران بەهێزو بیرکردنەوەو چالاکی کارکردنیان کۆمەڵگەیەکی جوانترو باشترییان بنیادناوە و بەردەوامیش لەخەمی کاری جوانترو بەرهەمهێنانی بەرهەمی باشتردان، کەچی وێڕای ئەمە خەڵک زۆرینە پشتیوانی لەئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان کردووە، بەڵام بۆ کرێکاران ئەم جۆرە هەڵوێستەیان نەبووە لەکاتی قەیران و کێشەکانیاندا پشتیان تێکردوون و بەتەنها جێیان هێشتوون لەتێکۆشان وچالاکی دا هەر ئەمەشە وای کردووە کە کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەیەکی نوێترو باشتر نەگۆڕدرێت، بەڵکو ساڵ لەدوایی ساڵ قەیران و کێشەکانی خەڵکی کۆمەڵگە زیاتر بکرێت و بەبێ چارەسەر کۆمەڵگە بەرەو قەیران وکێشەی گەورەتر ملبنێ.

دڵنیابن هەر بەم جۆرەش کۆمەڵگە وەردەرچەرخێت لەناو کێشە و قەیرانی زیاترو گەورەتر هەتاوەکو خەڵکی کۆمەڵگە ئاو بە ئاشی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەرو کۆنەخوازدا بکات هەر ئەمە بەشی دەبێت لەناو نەبوونی خزمەتگوزاری و هەبوونی بێکاری و نەبوونی هەقدەستی کار و موچەی شایستە بە جۆری کارکردنیان، نەخشە ڕێگا دروستە ئینسانییەکە ئەوەیە کە ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە پشتیوانی لە ڕێکخراوبوونی چینی کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگە بکرێت بۆئەوەی کۆمەڵگە لەلایەن خەڵکەوە بەڕێوە ببرێت وئیدارە بدرێت.

کرێکاران هێزی نوێبونەوە و بەرهەمهێنان و جوانییەکانی کۆمەڵگەن. گرینکی وبایەخی کرێکاران بەگشتی و کرێکارانی ژینگە زۆر زیاترە لەگرینگی هەبوونی وەزیرو ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری ناوچەو بەڕێوەبەری شارێک لەبەرئەوەی ئەگەر چەند ڕۆژێکیش ئەو وەزیرو ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەرە گشتییانە کاریش نەکەن هەرچەندە تێیاندا هەیە لەم بەرپرسانە بە مانگ لەوڵاتانن لەگەشت وگەڕانن، بەڵام هیچ کاریگەری نەرێنی وخراپی نەبووە، چونکە ئەوان لەئەساسدا بێ کاریگەرو جوڵەی کردارین کە بتوانن خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن.

ئەم وەزیرو پەرلەمانتارانە زیاتر خزمەت و سوود بەخۆیان و حیزبی بنەماڵەکەیان دەکەن هەربۆیەش بەهەبوون ونەبوونیان هیچ لەژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و هاوڵاتی ناگۆڕێت، ئەگەرچی نەبوونیان زۆر باشترە بۆ خەڵک. ئەگەر ئەو پەرلەمان و بینای حکومەتە بکرایە شوێنی بەخێوکردنی مەڕو مانگا و بزن زۆر باشتر بەرهەمی دەبوو لەو وەزیرو ئەندام پەرلەمان و بەڕێوەبەرانەی حکومەت لەماوەی چەندە ساڵ لەدەسەڵاتیاندا. لەهەریەکە لەوڵاتانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە کوردستان و ئێران و عێراق و تورکیا بەتایبەتی.

هەموو لایەک بەگشتی و جوتیارەکان بەتایبەتی شارەزان ئەگەر مەڕو بزن و مانگا ومالات بەهەبوونی ئالیک و خواردنی باش و شوێنی خەوتنی باش، دواتر دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بەرهەمی زۆرباشی گۆشت و شیر و پێستەکەیان، دەتواندرێت لەڕێگای بازرگانەکانەوە ئەم بەرهەمانە بنێردرێتەوە دەرەوە و داهاتی ناوخۆ و بەرهەمی کار زیاد دەکات و بێ کاریش زۆر کەم دەبێتەوە، لەبەرئەوەی دەتواندرێت بە بەرهەمی بزن و مەڕو مانگاکان چەندین کارگەی جۆراوجۆر دابمەزرێندرێت گەنجانیش کاربکەن و چیتر ئاوارەی وڵاتان نەبن لەدەریاکان نەبنە خواردنی قرش و ماسییەکان.

ئەزیزانی خوێنەر خۆتان بەراوردێک بکەن لەماوەی دەسەڵاتدارێتی ئەم حیزبانە کە وەزیرو ئەندام پەرلەمانیان هەیە خواردن و شوێنی خەوتنی زۆر باشیان بۆ دابینکراوە، بەڵام ئایا بێ سوودتر نین لە بزن و مەڕو مانگاکانی جوتیارەکان؟! بەبڕوای من زۆریش بێ سوودتر و بێ کەڵکترن لەبەرئەوەی ئەوانە خۆیان تێرو تەوەزەل لێی دانیشتوون و دەخەون و دەخۆن و سێکس دەکەن بەدڵی خۆیان گەشت و سەفەری وڵاتانی ئەوروپا و وڵاتانی جوان وپێشکەوتوو دەکەن، نە گۆشتەکەیان سوودی هەیە و نەپێست و بیرکردنەوەو عەقڵیان. ئەم وەزیرو ئەندام پەرلەمانانە لەدوای ئەوەی بەدەنگدانی خەڵک بوونە ئەندام پەرلەمان و وەزیر یەکەمین کاریان ئەوەیە لەهەر شارو وڵاتێک کە حەزو ئارەزوویان لێیە ژن بهێنن و دواتریش مەلاکان بەگەنجەکان بڵێن ئەو گەنجانەی ناتوان خێزان دروست بکەن بێ پارەن باشترە بەڕۆژوو بن بیر لەژن هێنان نەکەنەوە، خۆشیان لەمینبەری مزگەوتەکانەوە لەجیاتی بەرگری و پشتیوانی بکەن لەماف وهەقدەستی کرێکاران و لەپشتیوانی لەناڕەزایەتی کرێکارانی لەسەر کار دەرکراو بۆئەوەی بچنەوە سەر کارەکانیان مەلاکان بی باکانە دێن باسی گرینکی چوار ژن بۆ پیاوێک دەکەن، داواش دەکەن کە یاسا وشەرعی ئیسلام جێبەجێ بکرێت کە ئەوانەی پارەدارو سەرمایەدارن، بیکەنە دووژنە و سێ و چوار.

ئەوەتا وێڕای هەبوونی بێکاری و هەژاری و بێ خانەلانەیی زۆر حکومەتی عێراقی یاسای فرە ژنی دەکاتە ئیجباری. کەواتە ئەم جۆرە دەسەڵات و سیستەمە جگە لەماڵوێرانی و خولڤاندنی بێمافی زیاتر و چەوسانەوەی زیاتر هیچ سوودی تری بۆ خەڵک نییە.

خەڵکی کوردستان و عێراق بەگشتی زۆرینەی لەناو کێشەکانی هەبوونی بێ خزمەتگوزاری ولەناو هەبوونی گەشەی بێکاری و برسێتی وهەژاری وبێ موچەو بێ هەقدەستی کارکردن و بێ ماف لەناو کێشەکانی نەخۆشی و گرفتەکانی زیادکردنی باج و سەرانەیەکی زۆردا ڕاگراوە، ئەمەیە خێرو سوودەکانی هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی حیزبەکان کەباس کرا.

با بیربکەینەوە هەریەکەمان سەرنج بدەین ئەگەر تەنها ڕۆژێک کرێکارانی ژینگە پارێز پێکەوە یەکبگرن و کار نەکەن و مان بگرن هەریەکەمان دەزانن و دەبینین کە ژینگەی گەڕەک و شار وێران دەبێت، هەریەکەمان بێزار دەبین لەبۆنی ناخۆشی زبڵ و پاشماوە کۆن و فڕێدراوە پیسییەکانی ماڵ و خەڵک، ئەگەری بڵاوبوونەوەی میکرۆب و نەخۆشی زۆری لێدەکرێت، ئەوە بەتەنها ڕۆژێک نەچوونە سەر کاری کرێکارانی ژینگە پارێزە ئێمە هەریەکەمان بێزارو دڵ توند وناخۆش دەکات.

من دڵنییام هەریەکە لەئێوەی خوێنەر ئەوە باش دەزانن کە بەهۆی کارکردنی بەردەوامی ڕۆژانەی کرێکارانی ژینگە پارێزەرەوەیە شارو گەڕەک و خیابان وشەقامەکانمان جوان و خاوێنن.

هەریەکەشمان ئەوەش باش دەزانین کە چەند ڕۆژێک کرێکارانی ژینگەپارێز کار نەکەن شارو خیابان و کوچەکان دەبنە چ وێرانەیەک لەکۆبونەوەی زبڵی و پیسی پاشماوەکانی خەڵک. بەڵام کاتێک بێ ماف دەکرێن و سوکایەتیان پێدەکرێت لەلایەن خاوەن کۆمپانیاکانەوە ئەم وەزیرو ئەندام پەرلەمانانە بێ دەنگ و بێ هەڵوێستن، کەسیان ویژدانیان ناجوڵێت دڵسۆزانە پشتیوانی خواست و داواکارییە هەق و ڕەواکانی ئەم مرۆڤە پاک وجوانانەی کۆمەڵگە بکات.

لەماوەی چەندین خولی پەرلەماندا پڕۆژە یاسایەک گفتوگۆی لەسەرنەکرا و کەدواتر لەلایەن حکومەت و کۆمپانیاکانەوە جێبەجێ بکرێت کە لەبەرژەوەندی کرێکاراندا بێت، چیتر هەقدەستەکانیان دوانەکەوێت و لەسەر کارەکانیان دەرنەکرێن و ژیانێکی شایستە کە ئاسوودە بژین لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەیاندا و لەکاتی نەخۆشی دا بتوانن چارەسەری نەخۆشییەکانیان بکەن زەمانەتی تەندروستی و بیمەی سەلامەتیان بۆ دابین بکرێت.

بەڕاستی کارەساتە لێ بگەڕێن کە مرۆڤ جوان و سوودبەخشانەی وەک کرێکاران بێکار بکرێن و دواتر لەبەر هەژاری و بێ پارەیان کرێی خانوویان پێ نەدرێت وخاوەن خانوو هەڕەشەی دەرکردنیان لێ بکات لەخانووەکەیان بەهۆی پێنەدانی کرێی خانووەکانیان.

بەڕاستی شەرمەزارییە بۆ هەریەکەمان کە بێ هەڵوێست بین و بێ دەنگ بین لە ئاست پەرتەوازەیی ئەو هێزە جوان و بنیادنەرەی کۆمەڵگە و بەتەنها جێیان بهێڵین.

چارەسەر :

ئێمە دەزانین تەواوی کۆمەڵگەی کوردستان زۆرینەی ناڕازییە لەو جۆرە سیستەم و دەسەڵاتە ملهوڕە چەوسێنەرو دزوگەندەڵە، بەڵام کێشەی ئەساسی تەواوی خەڵکی ناڕازی ئەو پەرتەوازەیی یە لە شێوازو جۆرو ئامانجی تێکۆشاندا. کە هەریەکە لەبەشەکانی ناڕازی وەک (مامۆستا و فەرمانبەرو کرێکارو شوفێران و نانەواخانە و جوتیارەکان) بەجیا، لەشێوە و جۆری گرووپی چەندین کەسی ناوچەیی دەست دەبرێت بۆ تێکۆشان وچالاکی.

ئەرکی هەریەکەمان ئەوەیە لەخەمی یەکبوون و بەیەکەوە بەستنەوەی ئەم هێزە ناڕازییانەی کۆمەڵگەدا بین.
خودی ئەنجامدانی کەمپینی جۆراوجۆر بۆ پشتیوانی کرێکارانی دەرکراو بۆئەوەی لەژێر فشاردا بچنەوە سەر کارەکانیان زۆر پێویست و گرینگە، بەڵام لەمەشیان گرینگترو پێویستر ئەوەیە ئەم هێزەی کرێکاران ڕێکخراوبکرێت لەچوارچێوەی بەرژەوەندی و سوودی کرێکاراندا، پێویستە بەهەموو جۆرێک کرێکاران خۆیان دووربگرن لە دەستەمۆ و ملکەچ بوونیان بۆ کەسانی حیزبی کە دەیانەوێت بێ مافی کرێکاران وبێکار، کردنی کرێکاران بۆ بەرژەوەندی دەنگدان و هەڵبژاردن بەکار بهێنن .

بۆ لاپەڕە 16

پرسی ژن

؟

تووندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە رێگای وتار، دیمانە،

راپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و رێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر



# ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و توندوتیژی دژی ئافرەتان"

نوسینی/ هەژێن لوقمان

سەرەتا با بزانین توندوتیژی چییە، توندوتیژی کردارێکی نا مرۆڤانەیە و دەستەواژەیەکە زۆر واتا لە خۆ دەگرێت .

توندوتیژی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی بەرامبەرە کە لە ئەنجامی تەقینەوەی دەروونی تاک ڕوودەدات، ئەمەش هۆکار گەلێکی هەیە وەک تۆڵەسەندنەوە- تورەیی - هەبوونی گرێی دەروونی و هاندانی بۆ بوون بە کەسێکی توندوتیژ. جۆرەکانی توندوتیژی جۆری زۆرە بۆ نموونە وەک توندوتیژی جەستەیی - توندوتیژی دەروونی - توندوتیژی سێکسی توندوتیژی جەستەیی واتە ئازاردانی جەستەیی کەسێک جا بە هەر هۆکارێک بێت.

توندوتیژی دەروونی واتە زۆرکردن لە کەسێک بۆ ئەوەی کارێک بکات یان مافخواردنی کەسی بەرامبەر بە هەر بەهانەیەک کە ئەمەش زیاتر لە خێزاندا بەدی دەکرێت.

توندوتیژی سێکسی واتا دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کەسێک بەبێ ویستی خۆی، کەسێک جا ئەگەر خێزانت بێت یاخوود کەسێکی تر.

وەک دەزانین توندوتیژی دژی ئافرەتان دیاردەیەکی دیارە لە جیهاندا و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دیاردەکە ڕووی لە زیادبوون کردوە، و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماندووبوونی دەروونی تاک، و نا هۆشیاری تاک، و بە شوودانی پێش وەخت و دروستبوونی کێشە خێزانیەکان و زاڵبوونی کلتوری پیاوسالاری .

ئامانجی ڕێکخراوە فیمینیستەکان چەسپاندنی یەکسانی جێندەرییە لە کۆمەڵگەدا واتە جیاوازی نەکردن لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، پێشێل نەکردنی مافی ئافرەتان و نەهێشتنی کلتوری پیاوسالاری و یەکسانی تاک لە کۆمەڵگەدا، پشتگیریکردنی ئافرەتان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و هەبوونی خێزانی بەختەوەر بەبێ توندوتیژی و بەبێ لێکترازان.

ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان چییە؟ ئەرکە سەرەکیەکانی ڕێکخراوەکان ئەوەیە، کە زانیاری تەواویان لەسەر کەلتور و ئاین و بارودۆخ و ژیانی ئافرەتان هەبێت لە کۆمەڵگەدا لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانیان بن، وە لە کاتی هەر کێشەیەکدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە هەر ڕێگایەک هەیە بیگرنە بەر بەبێ درێغیکردن، و بەرگری تەواو لەو ئافرەتانە بکەن کە دووچاری کێشە بوون یان بەرەو ڕووی هەڕەشە بونەتەوە، و خێزانەکان هۆشیار بکەنەوە کە پەروەردەیەکی تەندروست و بێ جیاوازی بە منداڵەکانیان ببەخشن بۆئەوەی تاکێکی دوور لە توندوتیژی بنێرنە ناو کۆمەڵگە، دروستکردنی خۆشەویستی و ئاشتەوایی لە نێوان خێزانەکان هاندانیان بۆ دروستکردنی ژیانێکی دوور لە کێشە و بەردەوامبوون لە پشتگیریکردنی ئافرەتان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، و بەردەوام بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ کۆمەڵگە بۆ ئەوەی دوور بن لە توندوتیژی و چەسپاندنی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی ڕەگەز.

# ڕاگەیاندنی“دەستبەکاربوونی گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز“

جیاکاری و ستەمکێشی و توندوتیژی لە دژی ژنان یەکێک لە سیما بەرجەستەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەمکێشی و بێڕێزیکردن بە کەسایەتی ئینسانی ژن بەشێوەیەکی ڕێکخراو لە ئاست کۆمەڵگەدا بەڕێوەئەچێ. خودی ئەوەی کە لەڕووی یاساییەوە فرەژنی کراوەتە کالآیەکی ناشیرین و بە بەری کۆمەڵگە براوە، ئەوەی کە ژنان بوارەکانی کاریان لێ بەرتەسکتر کراوەتەوە و جیاکارییان لەگەڵ ئەکرێ لە بەدەستهێنانی کاردا و کرێی کەمیان لە چاو پیاواندا پێئەدرێ و کاری ناوماڵیان بە هیچ جۆرێک بۆ حساب ناکرێ و بگرە وەک سوکایەتیەک چاوی لێ ئەکرێ، ئەوەی کە گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کار و لەناو کۆمەڵگەدا بەرۆکی ژنانی گرتووە و هاندانی توندوتیژی لە مینبەرە فەرمیەکانی ئەحزابی دەسەلآتدار و لە میدیاییەکان و تۆڕە کۆمەلآیەتیەکان و مزگەوتەکانەوە لەدژیان ئەکرێ، ژنان ناچارئەکرێن بە خۆکوشتن و خۆسوتاندن، تاکو بەزۆر بە شوودانی کچان لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵیەوە... بە داخەوە بوونەتە تایبەتمەندیەکانی ژیانی ئەمڕۆی ژنان لە کوردستان.

لەوەش واوەتر لە ڕووی کۆمەلآیەتی و سیاسیەوە برەودان و دەستگرتن بە فەرهەنگی پیاوسالاری و دواکەتوو و ئاینی و ناموسپەرستی و جیاخوازی لەلایەن دەسەلآتەوە و دەست ئاوەلآکردنی هەڵگرانی ئەم فەرهەنگە، سەرئەنجام کوشتنی بەلێشاوی ژنانی بەدوای خۆیدا هێناوە و هەزاران قوربانی لە کچ و ژنانی کوردستان سەندووە. بە ڕادەیەک کە لە ئێستادا دیاردەی ژنکوژی بۆتە قێزەونترین مەسەلەی ئەم کۆمەڵگەیە و مۆرێکی ڕەشی لە نێوچەوانی دەسەلات و سیستمێک داوە کە٣٠ ساڵە لە کوردستاندا حاکمە.

بەلآم ئەم دۆخە و ئەو کێشە و دەردەسەریانەی یەخەی کۆمەڵگە و ژنانی گرتووە نە سروشتیە و نە ئەزەلی و ئەبەدییە، بەڵکو ئەکرێ و ئەتوانرێ ژنانی کوردستان لەژێر سایەی سیستەم و کۆمەڵگەیەکی ئینسانیتر و بەدەر لە جیاکاری و ستەمکێشی و هەرجۆرە هەلآواردنێک بژین و لە ئازادی و یەکسانی تەواو لەگەڵ پیاواندا بەهەرمەند بن. ئەمەش بە خەباتی لێبڕاوانەی ژنان خۆیان و بە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و هەموو ئەوانەی کە لەدژی هەر ستەم و ناعەدالەتیەکی کۆمەلآیەتی کە لەئارادایە بەدەنگ هاتوون، مومکین و مەیسەرە. هەر لێرەشەوە ئەکرێ ژیانی ژنانی کوردستان بەرەو دۆخێکی باشتر ببرێ. خەبات و بزووتنەوەیەک کە بەشێکی ئاوێزان و لێکگرێدراوە لەگەڵ جوڵانەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشگێرانەی زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەدا، کە نیشانەی لە دەسەلآت و سیستەمی ئێستا گرتوە و ئاڵوگۆڕی سیاسی و ڕیشەیی لە تەواوی کۆمەڵگەدا کردۆتە ئامانجی خۆی. ئێمە کۆمەڵێک ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، خۆمان سەر بەم جوڵانەوەیە و بەم ئامانجە ئەزانین و بڕیارمانداوە لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان و ئاڵوگۆڕپێدانی کۆمەڵگەدا ئەرکێک لە ئەستۆبگرین و بۆ ئەم مەبەستەش دەستبەکاربوونی خۆمان لەم ڕێگایەوە ڕائەگەیەنین.

ئێمە پێمان وایە کە جیاکاری و هەلآواردن و ستەمکێشی ژنان، سەرچاوە لە نیزامی سەرمایەداری و دەسەلآتەکەی لەهەر جۆرێکدابێت، ئەگرێ و ئەوە ئەم نیزامەیە کە پیاوسالاری و ستەمکێشی ژنانی بە میرات بردوە و لەپێناو پارچەپارچەکردنی ڕیزی خەباتی یەکسانیخوازانەی جەماوەری زەحمەتکێش و بەرینکردنەوەی ناعەدالەتی کۆمەلآیەتی و لەئاکامیشدا کەڵەکەی هەرچی زیاتری قازانج و سەرمایە لەدەستی کەمایەتیەکدا، ستەمکێشی لەسەر ژنانی کردۆتە یەکێک لە کۆڵەکەکانی بوون و مانەوەی خۆی. هەربۆیە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ژنان و یەکسانی، بەشێکی جیانەکراوەی خەباتێکە کە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لەدژی سەرمایەداری، بەڕێیانخستووە.

بەبڕوای ئێمە مەسەلەی ژن تەنها مەسەلەی ژنان خۆیان نییە، بەڵکو کرێکاران وەک ئەوەی کە چینێکی تاسەر شۆڕشگێڕن و ناتوانن بەبێ ڕزگاری کۆمەڵگە لەهەرجۆرە ستەم و چەوسانەوەیەک خۆیان ڕزگار بکەن، بەپێویست ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان بە خەباتی ئەم چینە و بزووتنەوەکەیەوە بەندە. بەتایبەتیش هەروەک ئەوەی کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی سۆشیالیستی کرێکاری کە بۆ ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان تێئەکۆشن، ئێمە لە کەنار خەباتی کرێکاران و ئەم بزووتنەوەیەدا ڕائەوەستین. هەروەها لەم چوارچێوەیەشدا بۆ هەر جۆرە ڕیفۆرم و داخوازییەکی ژنان تێئەکۆشین کە باری سەختی ژیانی ژنان سوک ئەکات و لە ماف و ئازادییە شەخسی و مەدەنییەکانیان نزیکیان ئەکاتەوە.

ئێمە پێمان وایە حکومەت و سیستمێک کە لە کوردستاندا لەئارادایە بە بەرگی "دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ژنان"ەوە خۆی ئەنوێنێ، دەسەلآتێکی پیاوسالارانە و دژی ژنانە و هیچ جۆرە چاکسازیەک هەڵناگرێ. تەنانەت هەر جۆرە باشبونێکی ژیانی ژنانی کوردستان بەندە بە خەباتێکی سیاسی و جەماوەریەوە کە ئالآی وەلانانی ئەم دەسەلآتەی هەڵگرتبێت. لە ئێستادا کە نارەزایەتیەکی بەرینی کۆمەلآیەتی بۆ نان و کار و خزمەتگوزاری...هتد. یەخەی دەسەلآتدارانی گرتووە و لەدژی نەک تەنها حزبەکانی دەسەلآتە، بگرە بە هەموو زمانێک سیستمی داسەپاو ڕەت ئەکاتەوە، ئێمە خۆمان بە بەشێک لەم نارەزایەتیە جەماوەریە ئەزانین و لە هەوڵدا ئەبین بزووتنەوەی ژنانی کوردستان بۆ جێگیرکردنی خواستی "یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو" جێگایەکی سەرەکی بگرێت.

ئەزمونی "ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی" ئەوەیان سەلماندووە کە خەباتکردن لە دژی ئەو جیاکاری و ستەمەی لە دژی ژنان بەڕێوەیە و ئەو کوشتارە بەکۆمەڵەی ژنان کە بە بیانوی ناموسەوە لەئارادایە، بە کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەوسانکردنی خەباتی ژنان لە بەردەم دەسەلآت و پیاوانی ئاینیدا هەرگیز مەیسەر نابێ. بەڵکو ئەم خەباتە پێویستی بە نەریتێکی ڕێکخراوەیی و خەباتێکی هەمەلایەنەی کۆمەلآیەتی و سیاسیە لە دژی سیستم، لە دژی یاسا، لە دژی فەرهەنگی باو، لە دژی ئەو دامودەزگایانەی سەرچاوە و پارێزەری ئەم دۆخەی دژ بە ژنانە. ئێمە لە هەوڵی هێنانەکایەوە و برەوپێدانی نەریتێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی جیاوازداین لەوەی کە هەیە لەناو بزووتنەوەی ژنانی کوردستاندا.

فێمینیزم وەک ئەوەی کە هەڵگری چەند ڕەوتێکی جۆراوجۆرە و لە زۆر کاتدا بەناوی ژنانەوە، کارێک ئەبەنەپێشەوە کە پێچەوانەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەلآیەتیە، ئێمە خۆمان بە فێمینیزم نازانین، بەلآم بە ئەرکی خۆمان ئەزانین لەسەر مەسەلەکانی ژنان ڕەوتێکی ڕەخنەگری کۆمەلآیەتی و چینایەتی نوێنەرایەتی بکەین و لەم دایەلۆگەدا هەنگاو هەڵگرین.

لەکۆتاییدا بانگەوازی تەواوی ژنان و پیاوانێک ئەکەین کە خۆیان بە هاوبەشی ئامانجەکانی ئێمە ئەزانن و دڵیان لەگەڵ خەبات بۆ باشترکردنی ژیانی ژنان و یەکسانیدا لێئەدات بەئێمەوە پەیوەست بن.

**گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز**

**٢٠٢٢\٠٥\٢٩**

**کەناڵەکانی پەیوەندی گرتن بە گروپی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز:**

**ئیمەیڵ:** grupiyaksanixwaz@gmail.com

**پەیجی فەیسبوکی:** https://www.facebook.com/Grupi-Jnan-u-Pyawani-Yaksanixwaz-103039548985393

**ئـیـنـسـتـاگـرام:** https://www.instagram.com/p/CeMmUZmq0d8/?igshid=YmMyMTA2M2Y

# گۆشەی ئەدەب و هونەر



بەشێکی تر لەدەقی

## درزێك کەوتۆتە ڕۆحمەوە

هیچم نیە بینوسمەوە
ناتوانم باس لەو شتانە بکەم
کەشەیتان دەیان قۆزێتەوەو
مرۆڤە گەمژەکانی پێهەڵدەخەڵەتێنێت
زۆرجار ئەمەوێت بەدەستی چەپم
شتێك لەسەر تیشکی خۆر بنوسم
بەئەستێرە بڵێم پێش ئەوەی بکەویتە خوارەوە
هەنسکی کانیەکی خنکاو بخە کۆڵەپشتەکەتەوەو
شار بەشار دێ بەدێ لەگەڵ خۆتا بیگێڕە

هیچم لەسەرخۆم بۆنانوسرێت
هەتا ئاوێنەی ژوورە تاریکەکەم ووردوخاش نەبێت
هیچم لەسەر خۆم بۆناوترێت
دڵم زۆر پەلە پەل دەکات
ئەزانم کەسێك بەخۆی و کۆڵێك تەنیایەوە
لەدەرگاکەم دەدات

نازانم بۆگوێم لەدەنگی خۆم نیە
دەرگاکەی دەرەوە لەخۆیەوە دەکرێتەوە
با بەدرزی دیوارەکاندا ڕادەکات
ئەڵێی دەمارەکانی دڵمەتەسك بونەتەوە
ناتوانم پڕبەدەنگی خۆم هاواربکەم و
بڵێم ئەوە کێیە بۆنایەیتە ژوورەوە

هیچم لەسەر خۆم بۆنانوسرێت
بیری بۆنی سەرپۆشە سپیەکەی دایکم دەکەم
بەیانیان بەئاسانی خەبەرم نابێتەوە
کەسێك لەناکاو لەدەرگاکەم دەدات
وەك ئەوەی کەسێك هەرچوار پەلی گرتبم
ناتوانم هەڵسمە سەرپێ

بیری گەڕەکە کۆنەکەمان دەکەم
ئەوگەڕەکەی کەهاوینانیش بارانی لێدەباری
و
پایزانیش گوڵ دەگرێت
هیچم بۆناوترێت
ئەزانم هەرکاتێك زمانم لاڵ دەبێت
هەموو شتەکان سەربەرەوخواردەبنەوەو
دڵم دەکەوێتە پەلەپەل

هیچم بۆ ناوترێت
بیری چرکە چرکی هەناسەکانی دایکم دەکەم
و
حەزدەکەم گۆرانیەك بۆباران بڵێم
گۆرانیەك شانەیەکم بداتە دەست
ئاوێنەیەکم لەسەر سوچی کۆڵانی
گەڕەکە کۆنەکەمان بەلقی درەختێکی
حەزیندا بۆهەڵواسێت

ئەزانم شتێك ڕوودەدات
پۆستچیەك ماڵەکەی ئێمەی بۆنادۆزرێتەوەو
نامەکەی مریەمم پێناگات
حەزدەکەم بگریم گریانێك
نەخۆشم بزانم چۆنچۆنی دەستم پێکردووەو
چۆنچۆنیش ژیردەبمەوە

شتێکم بۆناوترێت
چۆلەکەیەکی باڵ شکاوم بۆناخرێتەوە
هێلانەکەی خۆی
دەستم بەئەژنۆمەوە دەلەرزێت
ئەزانم شتێك ڕودەدات
شتێك لەهیچ شتەکانیترناچێت
...........

**میرزا**

**١٦/٥/٢٠٢٢**

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا



## کورتە چیرۆك

نووسینی: ئارام حەسەن

لەسەر لەوحی مەحفوزی مام والی، بە دەستوخەتی خودا نوسرابوو: (بە شوانی بژی و بە شوانی بمرە)

ئاواتی هەمیشەیی ئەو خێرلەخۆ نەدیوە ئەوە بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە قاتێک شاڵەوە دەرکەوێت، بۆ گەیشتن بەو ئاواتە، حەفتا ساڵ پارەی شوانێتی کۆکردەوە، هەتا لە کۆتاییدا توانی قاتێک شاڵ بکڕێت..

یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان دەمەو عەسر، مەڕومالاتی گوندەکەی هێنایەوە، پەلەپەلی چوونە دەرەوەی بوو، هەتا ماڵەوماڵ بگەڕێ و جەژنە پیرۆزە بکات، قاتەکەی لەبەرکرد، کۆنە پشتێنێکی زەردباوی لە کەمەری باریکەلە ئاڵاند، جامانەیەکی دڕاوی لە تەوقەسەر پێچا، دوای ئەوەی چاوە سیسەکانی چەند دڵۆپێک خۆشیان لێچۆڕایەوە، بە جووتێک کەوشی لاستیکەوە، ڕوویکردە ماڵی کوێخا عەلادین..

دیوەخان بۆنی بوغوردی گرتبوو، هەر کە مام والی دەرکەوت، بە بینینی قاتە شاڵەکە کوێخا ئیرەیی برد، پڕبەدڵ پێیناخۆش بوو، دەستی مام والی گرت و لە نزیک خۆیەوە داینیشاند، بە خزمەتکارەکانی گوت:

ـ "قۆخمان بۆ بێنن قۆخ، وەلێ مەیشۆنەوە"

وەختێ قۆخیان هێنا، کوێخا دانەیەکی هەڵگرت و بە ڕانی مام والی پاکیکردەوە، بۆئەوەی وەبیری بێنێتەوە کە ئەو تەنیا شوانێکە و هیچی تر، بەدەم هێنان و بردنیەوە گوتی:


ـ "خوا هەر بۆ ئەوە شاڵی داناوە، ڕیشی قۆخی پێبتاشین"

## ڕەیان گیان

ئەزیزم من نازانم چیت بۆ بنوسم تاساوم
ئەزانی بۆچی؟
لەبەرئەوەی لەوڵاتی من خەریکە مرۆڤ بوون لەناو ئەچێت...
ئەی ژن تۆ خاوەن میهرەبانترین دڵیت ، جوانترین بونەوەری سەرزەویت....
چۆن ویژدانت ڕێگای دا تەمەنی کیژۆڵەیەکی نازدار لەناو بەریت....
خۆزگە لەو کاتەدا چەرخەکەی دەستت ئەبوو بە پەپوولەو لەئاسماندا سەمای ئەکرد...
خۆزگە جلیکانیە بەنزینەکەی دەستت ئەبوو بە ئاوو و لە کانیاوەکاندا خوڕەی ئەهات...
خۆزگە لەو کاتەدا ماڵتان ئەبوو بەقوتابخانەی مرۆڤ بوون
وزرڕدایکەکان قوتابی بوونایاو باوکەکان وانەیان تێدا بووتایەتەوە
.....
خۆزگە چاوەگەشەکانت ئەبوون بە ئەستێرەو لەشەواندا
ئەدرەوشانەوەو ڕووناکی و ڕەونەقی هەموو شاری ئەگرد......
خۆزگە دەنگ و هاوارت ئەبوو بە میوزیک و گۆرانی لەبۆنەکاندا
دڵی هەمووانی خۆش ئەکرد و بەتاسەوە گوێنیان لەدەنگت دەگرت
...
ئاههه .........سەد خۆزگە
ڕووحی پەپوولە ئاسات شاد ئەزیزم.

**چاوان محمد**





# ڕەشەبای سلێمانی و پەیکەرێ بۆ شوناسی میللی شار

نووسینی: جەمال نوری


ڕەشەبا و سلێمانی دوو چەمکی شوناسی ناسینەوەی خەسڵەتی ئەو شارەن لە هەرێمی کوردستان کە پێی دەوترێ سلێمانی.

هونەرمەند "شۆڕش ئەمین" هونەرمەندی پەیکەرتاشی کورد کە لەسوید نیشتەجێ یە، پرۆژەی پەیکەری ڕەشەبای سلێمانی وەک پرۆژەیەکی مۆدێرن خستەبەردەم بەرپرسانی هەرێم لەساڵی 2012 د ا، وا بڕیار بوو پرۆژەکە لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری بودجەیەکی بۆ دیاری بکرێت و تەواو بکرێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ پێشهاتێکی دیار نییە بۆ پرۆژەکە، ئەگەرچی لەڕێی گرافیکەوە پەیکەرەکە لەگوگل دەتوانرێ ببینرێ و کەوتۆتە نێوان هەردوو شاخی گوێژەو ئەزمەڕەوە، ئەگەرچی ڕەشەبای سلێمانی زیان دەگەیەنێ بەشکاندنی دارو درەخت و باخ و بێستان لەگەڵ ئەوەشدا پسپۆڕانی ژینگە دەڵێن کاتێک ئەو با بەهێزە هەڵدەکات هەوای شارەکە لەتۆزو دوکەڵ و خۆڵ پاکدەکاتەوە سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ٣٤، ٣٦ وە ٨٠٠ م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و وەک ناوچەکانی تری هەرێم بە ئاوو هەوای دەریای سپی ناوەڕاست کاریگەرە.

بەهێزترین ڕەشەبای سلێمانی لەساڵانی ٦٠ کاندا بووە خێرایەکەی لەسەعاتێکدا ١١٠ بۆ ١٤٠ کم لەسەعاتێکدا، ڕەشەبای سلێمانی وەرزی نییە واتە لەهەموو وەرزەکاندا ئەگەری هەیە هەڵ بکات.

ئەگەرچی لەباشوری کوردستان ئەزمونی پەیکەرسازی ئەزمونێکی باشمان نییە لەم بوارەدا، ئەو پەیکەرانەی تا ئێستاکە کراون هیچیان نەیانتوانیوە لەڕووی ئێستاتیکای جوانی هونەرەوە تەماشا بکرێن، بەڵکو ئەوەی هەیە و دانراوە لە ئێشێکی خراپی دوور لە بواری هونەر دەبینرێن، بەمەش نەک نەیانتوانیوە سیمای شاری سلێمانی و شارەکانی تری هەرێم جوانتر بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە سیمای شاری سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیریان هێندەی تر ناشرین کردوە؟ ئەمە بۆ شارێک کە ناسنامەی پایتەختی ڕۆشنبیری بێت زۆر ئەستەمە و بەتایبەت کە وەفدێکی هونەری یان هەر هاوڵاتیەکی بیانی سەردانی ئەم شارە بکات وەک گەشتیارێک لەڕێگای هونەری پەیکەر سازیەوە تێدەگات کە ئەم شارە کۆڵەوارە لەڕووی هونەری پەیکەرسازیەوە. ئەوەی زەمینەی بۆ ئەم جۆرە کارە ناهونەریانە کردۆتەوە ژمارەیەک سەرمایەداری خواپیاهەڵکەوتووە بەبڕێک پارە بەئارەزووی خۆی دێت و لەناوجەرگەی شارو لە تەلارو مۆڵ و شوێنە گشتیەکاندا بەکەسێک دەڵێ بۆ دروستکردنی پەیکەرێ لە بەردەمی دوکانەکەیدا، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئاستی تەکنیک و هونەری پەیکەرسازی کردبێ. بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکات ئەو پرۆژەیەی کە دەیەوێ ئەنجامی بدات لەجیاتی سوود و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێ، دێت بەعەقڵی خۆی و بێ گوێدانە ئەوەی ماستەر پلانی شار چی لێ دەخوازێت دێت پەیکەرێک لەخۆیەوە دروست دەکات کەتەنها دڵی خاوەن سەرمایەدارەکە ڕازی دەکات.

گەر سەرنجێکی خێرا بدەین لەو پەیکەرانەی کە لەپایتەختی ڕۆشنبری دەبینرێ، تاوەکو ئێستا پەیکەرێکمان نەبینی بەهۆی ئاستی تەکنیک پسپوری لەوبوارەدا هاوڵاتیەکی ئەوشارە یا دەرەوی ڕاگرتبێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی مایەی نەنگییە بۆ هاوڵاتیەکی کورد کاتێک گەشتیارێک ڕووبکاتە شارەکە پەیکەرێ نابینێ سەرسامی بکات، بەشێوەیەک کە تێبگات ئاستی هونەری و ئێستاتیکا هێندە بەرزو جێگای بایەخ بێ، بەپێچەوانەوە ئەو پەیکەرانەی دەیبینێ نەک نەبۆتە مایەی سەرسام بوونی، بەڵکو بەهۆی پەیکەرەکانەوە تێ دەگات کە ئەم وڵات و مەملەکەتە کۆڵەوارە لەبواری پەیکەرسازی. کاتێک کە دەبینێ لەبەردەم دوکانێکی قەسابی پەیکەری مانگایەک دروستکراوەو لەبەرامبەریشی کاکی قەساب بەخۆی و چەقۆیەکی گەورەوە لەبەردەمی مانگاکە دایە بۆ




سەربڕینی. ئەمە گەر بیانییەک ببینێ تێ دەگات کەبۆچی باری سایکۆلۆجیەتی خەڵکانی کۆمەڵگەیەک ترس و گۆشەگیری و دابڕان بەرهەم دەهێنێت، یان پەیکەری دوو خۆشەویست لەژێر نوکی چەقۆیەکی تیژدا، گەرچی ئەم پەیکەرە خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا، بەڵام لەڕاستیدا بەشێوەیەک لەشێوەکان فۆرمە گشتییەکەی وا دەکەوێتەوە کە ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە قبوڵی خۆشەویستی ناکات، بەتایبەت لەنێوان خێزانەکاندا کە کوڕو کچێک لەڕێگای خۆشەویستیەوە بیانەوێت پرۆسە ی هاوسەرگیری بکەن، کاتێک گەشتیارێکی بیانی ئەم پەیکەرە دەبینێ تێ دەگات لەم مەملەکەتە خۆشەویستی تاوەکو هەنوکە بڤەیە و نابێ ڕێگا بدرێ بەخۆشەویستی بەیەک بگەن؟ یان پەیکەری کاوەی ئاسنگەر کەللەسەری زوحاکی بەدەستەوە بوو وەک بڵێ ملی لەڕیشە هەڵکێشابوو کە ئەم دیمەنانەی کراونەتە پەیکەر جگە لەناشرینکرنی شارەکە هیچی تر نییە، یان کۆمەڵە دەم و چاوێکی وەک یەک لەناو باخی گشتی سلێمانی کە هەموویان لەیەک دەچن ناونراون پەیکەر یان پەیکەرێک بۆ شەهیدی قەڵەم دڵشاد مەریوانی کراوە هەر لە مەریوانی ناچێ. لەکاتێکدا پەیکەر دروست کردن گاڵتە نییە و دەبێ ئەو کەسەی دروستی دەکات شارەزایی زانستی توێکاری جەستەی مروڤ بێت، ڕۆژێک پەیکەرێ بۆ ژەنەڕاڵی پایز محمد عومەر عوسمان دەکرا ژەنەڕاڵی پایز بە پەیکەرتاشەی وت گەر بتوانی هالەی دەم و چاوی من دەربهێنی ئەوا اعترافت پێ دەکەم دوایی

بۆ لاپەڕە 16

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# چەند کورتە شیعری: خالید بایەزیدی



1

کە لە دایک بووم

وتیان:

منداڵێکی هەژار

ڕۆڵەی باوکێکی کرێکار

لە دایکێکی خەماوی و گیرۆدەی

کۆمەڵگەی پیاو سالار

چاوی ماتەم و پەژارە و گریانی هەڵێنا

بە ڕووی جیهانی بێ بزەی سەرمایەدار

2-

شنەی با

پرچە تەڵاییەکانی

گوڵەگەنم

شانە دەکا

وە هەر گوڵە گەنمێک

لە کاسەی منداڵانی هەژاراندا

ئارەزوییەکە

3-

خوانە ڕەزیلەکانیان

بۆ.. ڕاخستین

پەرداخێک لە فرمێسک

حەسرەتێک لە نان

4-

خەمی نان

لە سوێراوگەی سیاسەتدا

چەپکە گوڵەکانی

تەڵایی یە

5-

پێکەنینی ئازادی

لە ژێرتابلۆی

پێکەنین قەدەغەدا

چاو دەتروکێنێ

ساڵەهایە....

پێکەنینمان دەوەستێنێ

6-

دەکێڵم

چوڵ ودەشتێکی قاقڕ

بەڵکوو....

لەخەیاڵی برسییەکدا

گوڵە گەنمێ برووێ

7-

نان!

خۆی یەک برگەیە

بەڵام خەمەکەی

جیهانی یە

8-

لە بێژنگی جیهاندا

کردەوەمان

قورسایی بوونمانە

9-

ئەگەر

داسە ژەنگاوییەکان

تیژکەینەوە

برسێتی...

سەیرکردنی ناوێ

10-

دارستان

دڵی لە لێدان کەوت

کاتێک کە

ناڵەی کۆترێکی برینداری بیست

11-

مێروولەیەک

هیلاک هیلاک

ماندوو بە کۆڵە گەنمێکەوە

بەرەو هێلانەکە خۆی دەچووەوە

ئاخۆ ئەمساڵ

چ زستانێکی سەخت و دژوار بێ....!!؟؟

# کۆمەڵی ماسک...



شەماڵ بارەوانی

## بەشی دووەم و کۆتایی

لە کۆمەڵی ماسکدا، خەڵکی ناچاری بەستنی ماسک دەکرێت و لەسەر نەبەستنی ماسک، مرۆڤ بێ ڕێزی و سوکایەتی پێ دەکرێت و ئازادییەکانی دەست بەسەردادەگیرێت و کەسایەتی تیرۆر دەکرێت. لە کۆمەڵی ماسکدا، مرۆڤ بوونی زیندانی و کەسایەتی بێ ئیرادە و بێ سەر و شوێن دەکرێت و حەزەکانی گەمارۆ دەدرێت و تەواوی ژیانی لە قەفەس دەکرێت.

بە تاوانی دژایەتی کردنی ماسک و بێ ڕێزی کردن بە پیرۆزیەکانی ماسک، خوێنی حەڵاڵ دەکرێت و دەکوژرێت.

لە کۆمەڵی ماسکدا، مرۆڤ هیچ هەڵبژاردن و ڕێگایەکیتری نییە و مەحاڵە و دەبێت وەکو هەموان ئیلا ماسک ببەستێت، یان، بۆ ئەوەی گیان و کەسایەتی سەلامەت و سەر و گیانی پارێزراو بێت، دەبێت خێرا ڕابکات بۆ هەندەران و تاراوگەو ژیانی نامۆیی و وڵاتی ماسکستان جێ بێڵێت.

لە کۆمەڵی ماسکدا، شتێک نییە بە ناوی ئازادی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ و ڕێز گرتن لە ئازادیەکانی مرۆڤ.

لە کۆمەڵی ماسکدا، دەبێت تۆ بەو شێوەیە بژیت، ئەوانیتر قبوڵیانە، نەک وەکوو ئەوەی خۆت دەتەوێت و ئارەزوو خولیای دەکەیت و قبوڵتە.

لە کۆمەڵی ماسکدا، تۆ پێچەوانەی شەپۆلی مێگەڵ و ئاڕاستەی باو، مەلە بکەیت و هەنگاو بنێیت و قسە بکەیت و بیربکەیتەوە،

کەسێکی مەنبوز و نەخوازراویت و هەموان بەکەم سەیرت دەکەن و سوک سەرنجت دەدەن.

لەکۆمەڵی ماسکدا، وای لەحاڵت، بوێری ئەوە بکەیت، کەسی یاخی بیت. ئەنتی باو بیت. ڕازی نەبیت تەبای عامی(مێگەڵ) بچیتە شامێ و لەسەر پەتی ئەوانیتر یاری بکەیت.

لەو کاتەدا، شاپۆلێک بێ ڕێزی و دنیایەک قسەی ناخۆش و دەرزنێک جوێنت بۆ حەواڵە دەکرێت و بێ ئەندازە سوکایەتی و بێ ڕێزیت پێ دەکرێت.

وەکو کەسێکی دەرچوو لە ئایین و بەزێنەری سنووری ئادابی گشتی و تێکدەری ڕەوشتی کۆمەڵ و تابوو شکێن و یاخی بوو لە دابوونەریتە سواوەکان و کۆدەکانی مەملەکەتی ماسک و نەریتگەرا و سونەتی و مەزهەبی و وەکوو ئەهریمەنێکی شەڕانگێز و لوتکەی خراپەکاری و کەسێکی بێ ئەدەب سەیر دەکرێیت.

بەردەوام هەوڵی ناشیرینکردن و نابووت کردن و بە دڕندەکردن و پەراوێزخستنت دەدرێت. بۆیە ئامان و هەرگیز، نەکەیت بیر لەوەها کارێک بکەیتەوە، هەموان بکەیت بە دژ و دووژمنی خۆت.

لە کۆمەڵی ماسکدا، دەبێت تۆ وەک تاک، ئیتر دەست بەرداری تاک بوون و ئازادی بوون و ڕووی ڕاستەقینەی خۆت بیت و ڕادەستی هەموو بکەو نەکەیەکی ئەوانیتر ببیت. ببیت بە بەشێک لەهەموان و پەزێکی ناو مێگەڵ و ناچار دەست بخەیتە سەر دەمت و وەکو هەموان ماسک بپۆشیت و بێ دەنگ، ئاقڵ و ئۆخەی لێی دانیشیت.

لە کۆمەڵی ماسکدا، دەست لە تایبەتمەندیەکانت وەردەدرێت و پرسیار لەبارەی هەموو شتێکتەوە ئاڕاستەن دەکرێت.

چی دەخۆیت؟ شەو چی خەونێک دەبینیت؟ بۆچی ژن ناهێنیت؟ بۆچی مێرد ناکەیت؟ بۆچی تەڵاقدرایت؟ ژمارەی پێڵاوەکەت چەندە؟ بۆچی ستایلی قژت وایە؟

بۆ لەچک ناکەیت؟ بۆ نوێژ ناکەیت؟ بۆچی وازت لەئایین هێنا؟ بۆچی و بۆچی و بۆچی؟

لە کۆمەڵی ماسکدا، دەبێت تۆ بۆ ئەوانیتر بژیت و ماسکێکت پێدەبەستن، لە دەرەوەی ویست و ئیرادە و هەڵبژاردنی خۆت، لە دەرەوەی خۆزگە و خەون و خولیا و حەزی خۆت.

لە کۆتاییدا، زانیمان تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵی ماسک چییە و تاکی ماسک بەستو کێیە و چۆنە، وەلێ دەپرسین :چ کۆمەڵێک زیاتر بە کۆمەڵی ماسک ناسراوە و ماسک بە زۆر بە هاووڵاتیانی دەبەستێت؟!

بێگومان وەڵامەکەی ئاسانە، ئەو کۆمەڵانەی ڕۆژهەڵاتی و سونەتی و ئایینی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژین.

ئەو کۆمەڵانەی دیموکراسیەت تێیدا گەشە و نەشونمای نەکردووە.

ئەو کۆمەڵانەی پۆپۆلیست و تۆتالیتار و فاشیست و نەریتگەرا و خێڵەکی و نێر سالارن.

ئەو کۆمەڵانەی ئاشنای پێوەرەکانی دنیای مۆدێرنێتە و پرەنسیپەکانی مرۆڤ بوون و بنەماکانی یەکسانی جێندەری و فەلسەفەی لیبڕاڵیزم نەبوون.

ئەو کۆمەڵانەی باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ و، ئازادیەکانی ژن و سەربەستی ژن و و پلورالیەت و تولەرەنس و هێزی تاک و زمانی دیالۆک نییە.

ئەو کۆمەڵانەی لە جیاتی گفتوگۆ و قەناعەت بۆ دروستکردن و لێک تێگەیشتن و ڕێزگرتن لەئازادییەکانی تاک و دەرفەت دان بە ئەویتر و خۆ سەلماندن، پەنا دەبەنە بەر دیکتاتۆریەتی دەستەجەمعی و فشاری ناشارستانیانە

# ئاڵنکارییەکانی تورکیا لەبەردەم بە ئەندام بوونی سوید و فینلەندا لە ناتۆدا



ئەحمەد هەورامی

لەکاتێکدا بەهۆی هێرشی روسیا بۆسەر ئۆکرانیا، سوید و فینلەندا هەست بەمەترسی دەکەن و دەخوازن ببنە ئەندامی پەیمانی ناتۆ تا لە هەڕەشەکانی ڕوسیا پارێزراوبن، ئەمەش پێویستی بە پشتیوانی کۆ دەنگی ئەندامانی ئێستای ئەو پەیمانەیە و تەنانەت یەک ڤیتۆ دەنگی ناڕازیش بە ئەندام بوونەکەیان پەک دەخات، بۆیە تورکیا هەڕەشە لە ئەندامبوونی سوید و فینلەندا دەکات لە پەیمانی ناتۆدا.

تورکیا هەموو ستراتیژی دەخاتە گەر بۆ دووبارەهاتنەوەی بۆناو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و نەخشەی جیوپۆلتیکی نوێ، بەڵام بەهۆی گرنگی پێگەی جیوپۆلتیکی تورکیا، ئەوروپا و ئەمەریکا ماوەیەکی زۆرە چاوپۆشی لە خراپیەکانی دەوڵەتی تورکیا دەکەن بۆ ئەوەی بەلای روسیەکاندا نەڕوات. هەروەها تورکیا هیچ کات ناخوازێ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا و بەریتانیا کۆنترۆڵ و کاریگەری لەسەر نفوزی تورکیا بکەن.

تورکیا نایەوێت روسیا زاڵ بێت بەسەر رۆژهەلاتی ئەوروپا و ناشیەوێت ناتۆ بەتایبەتیش ئەمەریکا زاڵ بەسەر هەژموونی تورکیا لەناوچەکەدا.

ستراتیڕی تورکیا لە ناتۆدا بۆ لێدانە لە کوردەکانی باکووری کوردستان و ستاتۆی ڕۆژئاوای کوردستانە، دەستی بە شەڕێکی نوێ کردووە لە هەرێمی کوردستان کە یاسا نێودەوڵەتییەکانی پشت گوێ خستووە.

ستراتیژی تورکیا لەرێگری بە ئەندام بوونی سوید و فینلەندا لە پەیمانی ناتۆدا بۆ ڕێگرتنە لە باڵادەستی ئەوروپیەکان و ئەمەریکا لەناوچەکەدا کە بەلای تورکیاوە جیگەی قبوڵ نییە و هێشتنەوەی باڵانسیکی جیوستراتیژی لەنێوان روس و ناتۆ لە ناوچەکەدا، نەمانی باڵانسی هاوسەنگی نێوانیان دەبێتە لاوازبوونی هەژموونی جیوستراتیژی تورکیا لەناوچەکەدا.

داواکاری سوید و فینلەندا بۆ بوونیان بە ئەندام لەناتۆ تورکیا ڕاستەوخۆ ناڕازی خۆی ڕاگەیاند، ئایا لەم بابەتەدا تورکیا ستراتیژی بیردەکاتەوە یا کاردانەوەی بەرامبەر پارتی کرێکارانی کوردستان لەم دوو وڵاتەدا.

قبوڵکردنی داواکارییەکانی تورکیا لە هێرش کردنە سەر بەشەکانی کوردستان، رۆژئاوا و هەرێمی کوردستانی عێراق یەکێکە لە داواکارییەکانی تورکیا کە ئێستا ریکلامی بۆ دەکات، بەوەی پەیمانی لۆزان کۆتایی دێت و لە ساڵی داهاتوودا خاکە داگیرکراوەکانی بگەڕێنێتەوە بۆسەر خاکی خۆی، ئەمەشیان بۆ کورد لە ناوچەکەدا پڕ مەترسییە.

دەکرێت یەکێک لە رێگریەکانی تورکیا لە بەئەندام بوونی سوید و فینلەندا هەوڵ بێت بۆ قەدەغەکردنی چالاکیەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتە نزیکەکانی لەو حیزبە لەم دوو وڵاتەدا.

ئۆردوغان رایگەیاند ئامانجمان کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) یە و گەراندنەوەی ملیۆنێک پەنابەرە بۆ ئەو ناوچانە. مەترسییەکانی تورکیا لەوەرگرتنی سوید و فینلەندا لە پەیمانی ناتۆ دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری:-

یەکەم/ هاوپەیمانی نێوان روسیا و تورکیایە، ئەویش دەستی تورکیای گرتووە بۆئەوەی وەرگرتنی سوید و فینلەندا قبوڵ بکات، چونکە روسیا پێیوایە وەرگرتنی ئەو دوو وڵاتە دەبێتە نائارامی سنوورەکانی.

دووەم/ ئەگەر ئەو دوو وڵاتە بچنە ناتۆوە دەبێتە هۆی تێکەڵ بوونی حسابات و بەرژەوەندییە هەرێمیەکانی تورکیا، بەتایبەتی لەناوچەکانی قەوقاز و رۆژهەڵاتی ئەوروپا.

سێیەم/ تورکیا ترسی ئەوەی هەیە کە لە ناتۆدا دوو وڵاتی دژ بەرە زیادبێت بەهەمان شێوەی یۆنان کار بکەن بۆ دروستکردنی یەک دەنگی ناو هاوپەیمانیەتیەکە دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا.

تورکیا بەو مەرجە پشتیوانی لە ئەندام بوونی سوید و فینلەندا دەکات کە پشتیوانی لە پەکەکە و یەپەکە لە رۆژئاوای کوردستان نەکەن و بە رێکخراوی تیرۆرستیان بزانن و کەسانی دیار و چالاکی کورد لەو وڵاتانەدا رادەستی تورکیا بکەنەوە و چالاکیەکانی کوردیش لە وڵاتەکانیاندا قەدەغە بکەن.

ئۆردوغان سەرۆکی تورکیا داوا دەکات بەر لەوەی سوید ببێتە ئەندامی ناتۆ ((ئەو تیرۆرستانە لە پەرلەمان دەربکات کە پشتیوانی لە کورد و پەکەکە دەکەن، کە ئامینە کاکە باوە پەرلەمانی بەرەچەڵەک کورد یەکێکە لەوانەی کە ئۆردوغان داوای دەرکردنی دەکات)). ئێستا ئامینە کاکەباوە لەلایەن تورکیاوە کراوەتە ئامانج لەبەر ئەوەی وەک ئامینە دەڵێت "ئۆردوغان رقی لە هەر کەسێکە کە داکۆکی لە مافی ژن و مافی مرۆڤ بکات".

ئامینە کاکە باوە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە لە سێ خولی بەردەوامدا ئەندامی پەرلەمانی سویدە، هەموو ژیانی بۆ خزمەتکردن و تێکۆشان لەپێناو کوردستان و کارکردن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و ئازادی ژنان تەرخان کردووە، سەرسەختانە داکۆکی لە دەسەڵاتی خۆ بەرێوەبەری رۆژئاوای کوردستان دەکات و بەردەوام بەرەنگاری گروپە توندڕەوەکانی تورکیش بووەتەوە لە سوید، ئەو دەڵێت چۆن دەتوانم بێدەنگ بم کە خەڵکی لەبەر چاوم دەکوژرێن و بە هەزارەها کەس دەخرێنە زیندانەوە لە تورکیا لەپێناو ئازادی و مافی مرۆڤ. ئەوە منم کە ئۆردوغان داوای دەستگیرکردن و رادەستکردنەوەم بۆ تورکیا دەکات....

تورکیا و ئۆردوغان دنیایەک مەرجی دیکەیان هەیە کە تا ڕادەیەک

بۆ لاپەڕە 16



# کامەران لەتیف: نەک تەنها پێویستە منالان بە یاسا مافەکانیان پارێزراو بێت، بەڵکو پێویستە کار لەسەر ئاستی فکری و تێڕوانین و هۆشیاری تاک و کۆمەڵگە بکرێت بۆ بەرەوپێشچوون و جێگیرکردنی مافەکانی منالان...

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ کامەران لطیف بەڕێوبەری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان، سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی منالان و دۆخی منالانی کوردستان**

**بۆپێشەوە: منالان بێبەشترین توێژی کۆمەڵگەن، وە ئەوان توانای بەرگری لە خۆیان و بەدەستهێنانی مافەکانیان خۆیانیان نییە، چۆن دەکرێت مافەکانی منالان زامن بکرێت؟؟**

**کامەران لەتیف:** بەداخەوە منالان لە کوردستان و زۆرێک لە وڵاتانی دنیا بێبەشترین و مەحرومترین توێژی کۆمەڵگەن، بەهۆی ئەوەی کە کاری تاقەت پروکێنیان پێدەکرێت و توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت، لە خوێندن بێبەش دەکرێن، بۆ مەرامی سیاسی و ئاینی و سەربازی بەکار دەهێنرێن، بێبەشن لە دەیان خزمەتگوزاریی و بواری تەندروستی و یاریی و تەرفیهی ....هتد، چونکە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و مافەکانیان بە دەستبهێنن ...بۆ زامنکردنی مافەکانیان پێویستە بە یاساو دەستورێکی پێشکەوتوو مافەکانیان پارێزراو بێت، کەس جورئەتی ئەوە نەکات کە مافەکانی منالان پێشێل بکات. لە بەرامبەر هەر پێشێلکارییەک کەسی ئەنجام دەر ڕووبە ڕووی یاسا بکرێتەوە. هەروەها نەک تەنها پێویستە منالان بە یاسا مافەکانیان پارێزراو بێت، بەڵکو پێویستە کار لەسەر ئاستی فکری و تێڕوانین و هۆشیاری تاک و کۆمەڵگە بکرێت بۆ بەرەوپێشچوون و جێگیرکردنی مافەکانی منالان، هەروەها مەیدانێکی تر ئەوەیە کە فەلسەفەی پەروەردە و خوێندن لەسەر بنەمای ئینسانی بێت و گەڕانەوە بۆ ئازادی فکرو داهێنان بێت، پێویستە هەموو ئەم مافانە لای هەموو کەس زۆر ڕۆشن بێت، جگە لەوەی حکومەت پارێزەری مافەکانی منالان بێت هاوکات ڕێکخراوەکانی منالانیش چاودێرو ڕەقیبێکی وردی دام و دەزگاکانی حکومەت بن ... بۆ زیاتر زامنکردنی مافەکانی منالان ئەرکی حکومەتە کە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەرکی خێزانەکان کەم بکاتەوە بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات کە هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی منالان لە نێو خێزانەکان دادەنێت.

**بۆ زامنکردنی مافەکانی منالان ئەرکی حکومەتە کە لە ڕووی ئابوورییەوە ئەرکی خێزانەکان کەم بکاتەوە بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر بکات، کە هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆن و کاریگەری لەسەر ژیانی منالان لە نێو خێزانەکان دادەنێت...**

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە توندوتیژی بەرامبەر منالان ؟؟**

**کامەران لەتیف:** توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە یەکێکە لە خراپترین خەسڵەتەکان کە ڕووبە ڕووی منالان دەبێتەوە، هەروەها خراپترین کاریگەری لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی منالەکە دروست دەکات بۆ دوارۆژی. توندوتیژی زادەی کۆمەڵێک کارو کردەوەی لە پێشینەیە کە خۆی بەرهەم دێنێتەوە. ئەگەر تەماشای کۆمەڵگەی کوردستان بکەین ڕۆژانە گوێبیستی دەیان ڕووداوی ناخۆش و دڵ تەزێن و چەندین شێوازی توندوتیژی دەبنەوە. لەم ڕووداوانە بەشێکی زۆری ڕووبە ڕووی منالان دەبێتەوە ...لە نێو خێزانەکان لە ناوەندەکانی خوێندن، لە کۆمەڵگە بە گشتی، ئامارەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان دەریدەخەن کە توندوتیژییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندان بەهۆی نائارامی و شەڕو شۆڕو ئاوارە بوون و تێکچوونی باری ئابووری و بێکاری و هەژاری و دەیان و سەدان هۆکاری تر. لەم نێوەشدا بەداخەوە منالان لە هەموو کات قوربانی یەکەمن و دەبنە سووتەمەنی کێشە و ململانێکان ...

**بۆپێشەوە: لە زۆرێک لەو وڵاتانەی نائارامی شەڕ و بەرامبەرکێی تیایە، منالان نەک لە دۆخێکی خراپدان، بەڵکو لە جەنگ وململانێکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، چۆن دەڕواننە ئەو هەلومەرجەی منالان ؟؟**

**کامەران لەتیف:** بەڵێ هەمیشە لە جەنگەکاندا خەڵکی بەش مەینەت و بێچەک دەبنە قوربانی لە ناویشیاندا توێژی منالان گەورەترین قوربانین. هەروەک بینیمان لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش منالان نەک بوونە قوربانی کوشت وکوشتارو ئاوارەیی و دەربەدەری جەنگەکانیان، بگرە داعش منالانی وەک بەشێکی گرنکی هێزەکەی خۆی بەکاریهێناون و ڕاهێنانی پێکردوون لە چۆنێتی کوشتن و کاری تەقینەوەو دەیان کاری تیرۆرستی تر ... هەڵبەتە منالان لە جیهاندا لە زۆربەی جەنگ وکوشتارگەکاندا بەشدارییان پێدەکرێت بە شێوەی زۆرەملێیی .. کە ئەمەش ناحەقی و گەورەترین پێشێلکارییە بەرامبەر منالان و مافەکانیان ... بەداخەوە منالان گۆش ئەکرێن بە دەیان بیرکردنەوەی قێزەون و دژە ئینسانی و نەتەوە پەرستی و بیرکردنەوەی جیهادی و کاری تەقینەوەو تیرۆرستیان پێ ئەنجام دەدرێت. منالان دەبێت پارێزراوبن لە جەنگەکان و نابێت تێکەڵ بە ئایدۆلۆژی و بیری توندڕەوی بکرێن، دەبێت لە هەموو هەلومەرجێکدا منالان بە دووربن لەو جەنگە خوێناویانەو پارێزراوبن لە ململانێ نێو خۆیی و نێو دەوڵەتییەکان.

**بۆپێشەوە: لە ڕوانگەی ئێوە یان لە باری زانستیەوە بە کێ دەوترێت منال، تا چ تەمەنێک دەوترێت منال ؟؟**

**کامەران لەتیف:** نەک لە ڕوانگەی منەوە، بەڵکو لە ڕووی زانستییەوە منال هەر لە سکی دایکییەوە لە شەش هەفتەی یەکەمەوە وەک منالێکی تەواو تەماشای دەکرێت و پێویستە مامەڵەی ئینسانێکی ئاسایی لەگەڵ بکرێت، پاشان تاکو تەمەنی هەژدە ساڵ تەواو دەکات بە منال هەژمار دەکرێت .. هەر لە دووگیانی دایکەوە پێویستە لە ژێر چاودێری وردی تەندروستی دا بێت هەم دایکەکە هەم منالەکە ... وە پێویستە حکومەت لە سەرجەم بوارەکانی تر گرنگی بدات بە دایکی دووگیان وەک باری دەروونی، کۆمەڵایەتی، وەرزشی ..... هەرچەندە لە هەندێ وڵات لە شانزە ساڵی هەندێ بەرپرسیارێتی ئەدەن بە منال، بەڵام بە پێی ستانداری نێو دەوڵەتی و لە ڕووی زانستییەوە منال پێویستە هەژدەساڵ تەواو بکات پاشان وردە وردە بەرپرسیارێتی پێبدرێت.

**بۆپێشەوە: کێ بەرپرسە لە پەروەردەی منال، دایک وباوک یان دەوڵەت ؟؟؟**

**کامەران لەتیف:** پەروەردەی منال یەکێکە لە گرنگترین و هەستیارترین بوار کە پێویستە قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ گەورە بوونی منالەکە گرنگی پێبدرێت و گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەم ئەرکە گرنگە دەوڵەت لێ بەرپرسە هەروەها لە دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی پەروەردە، چونکە بەخێوکردن و پەروەردەی منال ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەمە چەشنە. وە پێویستە خوێندن و پەروەردە ئیلزامی بێت تاکو قۆناغی بنەڕەتی تەواو دەکرێت، پەروەردەی منال ئاراستەو ئایندەی وڵات دیاری دەکات، هەروەها ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە ڕەفتار مامەڵەی ئەو کۆمەڵگەیە لەگەڵ منالاندا، منالان یەکەمن وە لە پێشترن لە هەموو بەرژەوەندییەکی سیاسی، ئابووری ،ئاینی، کۆمەلایەتی ...هتد

**بۆ پێشەوە: هەلومەرجی نەخوازراوی ئابووری ئێستاو بێ مووچەیی چ کاریگەری لە سەر منالان هەیە ؟؟**

**کامەران لەتیف:** هەلومەرجی ئێستای کوردستان لە ڕووی ئابووری سیاسییەوە لە خراپترین هەلومەرجدایە بە تایبەتی بێ مووچەیی، چونکە کوردستان مووچەخۆرێکی زۆری هەیە، کاتێک حکومەت بە شەست حەفتا ڕۆژ مووچەیەک دابەش بکات یان نیو مووچە بدات، بە دڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر ژیانی خێزانەکان و تاک بە تاکی کۆمەڵگە دروست دەکات بەتایبەتی ژیانی منالان کە قوربانی یەکەمن... وەختێک کارمەندێک یا مامۆستایەک مووچەکەی دوادەکەوێت بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەروونی، کۆمەڵایەتی، توندوتیژی لەناو خێزانەکاندا زیاد دەکات، لەم نێوەشدا منالان زۆرترین پشکی توندوتیژییان بەر دەکەوێت.

**وەختێك كارمەندێك یا مامۆستایەك مووچەكەی دوادەكەوێت بە دڵنیاییەوە كاریگەری دەروونی، كۆمەڵایەتی، توندوتیژی لەناو خێزانەكاندا زیاد دەكات، لەم نێوەشدا منالان زۆرترین پشكی توندوتیژییان بەر دەكەوێت...**

بەداخەوە دەسەلاتدارانی هەرێم دەستیان خستۆتە بینەقاقای خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی ژیانی مووچەخۆرانیان بە بارمتەگرتووە، ئەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا توێژی مووچەخۆران زۆرترین خۆپیشاندان و نارەزایەتی و بایکۆتیان ئەنجامداوە کە ئەمەش کاریگەی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی خوێندن هەبووە، زۆرێک لە خێزانەکان هەڵوەشاونەتەوە توندوتیژییەکان زۆر زیادی کردووە ئاماری کوشن و دزیکردن و سواڵکردن دەیان دیاردەی قێزەونی تر زیادی کردووە و هەموو ئەمانە ڕاستەوخۆ حکومەت و دەسەلاتدارانی هەرێم لێ بەرپرسە ....



## سەرگوڵ ئەحمەد: هەم مناڵان و هەم بەشێک لە گەورەکانیش بێ ئاگان لەم رۆژی جیهانی مناڵان، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە کۆمەڵگەی باوك سالاری ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت مناڵانن...

### دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ سەرگوڵ ئەحمەد هەڵسوڕاوی بەرگری لەمافەکانی منداڵان و ژنان ، سەبارەت بە رۆژی جیهانی مناڵان و دۆخی مناڵانی کوردستان...

**بۆپێشەوە: ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی مناڵانە کەچی بەشی هەرەزۆری مناڵان و تەنانەت گەورەکانیش، ئاشنا بەو رۆژەو بەو جەژنە نین، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**سەرگوڵ ئەحمەد:** سەرەتا زۆر سوپاستان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەم، وە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە ڕۆژی جیهانی مناڵان لە گشت مناڵانی کوردستان و جیهان دەکەم. سەبارەت بەو پرسیارەی کە بۆچی مناڵان و بەشێک لە گەورەکان ئاشنا نین بەم ڕۆژە زۆر هۆکار هەیە، کە هەم مناڵان و هەم بەشێک لە گەورەکانیش بێ ئاگان لەم رۆژە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی باوک سالاری ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت مناڵانن، وە لەو کۆمەڵگەیەدا کەدەسەڵاتی خێڵەکی باڵادەستەو حوکم دەکات نایانەوێت خەڵک ئاشنا بێت بەو ڕۆژە کە ڕۆژی مناڵانە. لە پاڵ خراپی وەزع و گوزەرانی خەڵکدا و تێکدانی ژیانی گەورەکان (دایکان و باوکان و مامۆستایان) کە بە شێکی زۆری کۆمەڵگە پێک دەهێنن. وە کاتێ سەرقاڵی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەن، کاتی لە ماڵەوە کێشەی بێ ئاوی و بێ کارەبایی و بێمووچەیی و کرێ خانوویان هەیە نایان پەرژێتە سەر مافەکانی مناڵان و ئە م ڕۆژە. وە ئەمە هۆکارێکە کە بەخێوکەران ناچار دەکەن کە مناڵەکانیان نەک هەر مافەکانیان بۆ دەستەبەر نەکەن، بەڵکو ژیانی مناڵیان لێ زەوت بکەن و ڕەوانەی بازاری بێرەحمی کارکردنیان بکەن، ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی ترەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دوو هێزی دواکەوتوو دژی مافەکانی مناڵان باڵادەستن و هێزو ئیمکانیەت لەبەردەست ئەواندایە کە ئەوانیش بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕەوت و بزووتنەوەی ئیسلامییەکانن، کە هەردووکیان هۆکاری سەرەکین لە بێمافیکردنی مناڵان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. بە کورتییەکەی ئەوەی ئاوڕی لێنادرێتەوە مناڵانن. بەداخەوە ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵی جەرگبری مناڵانین کە لەلایەن کەسانی نەفس نزم بەکاردەهێنرێن بۆ کاری نەشیاوو نائینسانی و دواتریش دەبنە قوربانی. ئێمە دەکرێ بڵێین باسی کۆمەڵگەیەک دەکەین کە تەوای چین و توێژەکانی نوقمی بێمافین، خراپی وەزعی ژنان و بێمافییەکانیان هۆکارێکی ترە کە بەشێکی زۆر لە گەورەکان ئاشنا نەبن بەو ڕۆژە. هەندێجار مناڵان لەبەرئەوەی دایکیان لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ ژیان دەگوزەرێنن و دووچاری لێدان و زوڵم و زۆر دەبنەوە هەر لە سکی دایکییەوە ڕووبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە تا لە دایک دەبێت و وە بە قۆناغەکانی گەشەی جەستەیی و عەقلیدا تێدەپەڕێت بەردەوام زوڵم و تاوانی بەرامبەر دەکرێت، تەنها لەبەرئەوەی منداڵەو توانای نییە دەبێت گوێڕایەڵی باشی گەورەکان بێت. وە ئەگەر نا ئەوە بە قسەی سوک و لێدان و شکاندنی کەسایەتیان لەبەردەم هاوڕێکانی یان خوشک و براکانی تری دا. وە بەردەوام توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت جا جەستەیی بێت یان دەرونی لە لایەن گەورەکانەوە ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ئەگەر هەر مافێکی مناڵان بەرەسمی ناسراو بێت، بەڵام لە پراکتیکدا کاری پێناکرێت. بزووتنەوەی مناڵان لە کوردستان و عێراق بزوتنەوەیەکی زۆر لاوازە. ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین چەندین سەنتەرو ڕێکخراو هەیە کە کار دەکەن بۆ دیفاع لە مافەکانی مناڵان، بەڵام لەبەرئەوەی ئەجندای حیزبەکانیان پەیرەو دەکەن ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر دەورو نەخشیان هەبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەو وەستانەوە لە دژی ئەو هەموو بێمافییانەی بەرامبەر مناڵان دەکرێت و کێشەکانی مناڵان رۆژ بەڕۆژ دەبینرێت و دەبیسرێت.

**بۆپێشەوە: هێشتا لە کۆمەڵگە نەریتییەکان و ئەودەوڵەتانەی کە سایەی دین و ناسیونالیزم زاڵە، زوڵم و بێمافی مناڵان زۆر بێ پەردەیە، لێدان، ترساندن، توندوتیژی، کارکردن... واقعیەتێکی تاڵی ئەو کۆمەڵگەیانەیە، چۆن دەکرێت ئەو بێمافیانە وەلابنرێن؟**

**سەرگوڵ ئەحمەد:** ئێمە دەزانین کە کاتێک منداڵان تووشی توندوتیژی دەبن، جا ئەو توندوتیژییە جەستەیی بێت،دەروونی یان دەستدرێژی سێکسی بێت. بە پێی لێکۆڵینەوەکان و زانستەکان دەریانخستووە کە ئەو مناڵانەی لە ژینگەیەکی ناتەندروست و نائارام گەورە دەبن کە پریەتی لە توندوتیژی و زوڵم و زۆرو چەوسانەوە، لە چەشنی لێدان ترس و کار پێکردنیان..هتد. وە پەیرەوکردنی عەقڵیەتی باوکسالاری وپیاوسالاری کە دین و ناسیۆنالیزم پشتیوانی لێدەکەن و برەوی پێ دەدەن، وە بەکەم سەیرکردنی مناڵان و حیساب نەکردن بۆیان وەک ئینسانێکی تەواو لە ماڵ و خوێندگەو کۆمەڵگەدا. ئیتر ئەوە نەزانین و کەم هۆشیاری کۆمەڵگەیە بە مافەکانی مناڵان. زۆر بە ئاسانی دەتوانیت ئەو کاریگەرە خراپ و کارەساتبارانە لەسەر هەست ونەست و بە بەهای خودی مناڵەکان و گەشەکردنی تیگەیشتنیان و توانای گەیشتنیان بە تەواوی تواناکانیان ببینیت و هەستی پێ بکەیت. هەمیشە مناڵێکی شەرمن و گۆشەگیرو ترساو دەبینرێت، کە ئەم حاڵەتە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا گەشەدەکات، ئەگەر یارمەتی نەدرێن و چارەسەر نەکرێن، کاتی گەورەش دەبێت کەسایەتیەکی روخاوو گۆشەگیر تەنانەت زۆرجار ئەو مناڵانە کە دەگەنە تەمەنی هەرزەکاری و بەرەو ژوور تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبن کە بەداخەوە کارەساتی زۆر دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە کە پانە بۆ خۆکوژی دەبەن. بەداخەوە لە هەندێ کلتووردا ئەوەی حیسابی بۆ ناکرێت مناڵان و باری دەرونیانە. لە کوردستان و عێراق حیزبە ناسیۆنالیستەکان و بزووتنەوەی ئیسلامی هۆکاری سەرەکین لە بێمافییەکانی مناڵان و چەوساندنەوەی مناڵان، جێگەی بیرهێنانەوەیە ئەم هێزو حیزبانەی دەسەڵات نەک هەر شتێکیان بۆ مناڵان نەکردووە، بەڵکو هەر حیزب و ڕێکخراوێک کە بۆنی لە بەرگریکردن لە مافەکانی مناڵان و ژنان و خەڵکی کوردستانی لێبێت، ئەوان لە دژی وەستاونەتەوە بە دروستکردنی ڕێگری یاسای و قانوونی تا هێرشکردنە سەریان و داخستنی سەنتەرەکە و فڕێدانی مناڵەکان بۆ سەر جادەو شەقامەکان کە لەو سەنتەرەدا داڵدە درابوون. نموونەش بۆ ئەمە (سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مناڵانی کوردستان) بوو لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٧/١٤.

بۆ کەم کردنەوەی ئەم دیاردانە کۆمەڵگە پێویستی بەوە هەیە کە مافەکانی مناڵان بەڕەسمی بناسرێت، نەک تەنها بە نووسراوێکی سەر کاغەز، بەڵکو بە کردار دەبێت سەرەتا دەستی دین و سیاسەت لە پەروەردەو خوێندن دەربهێنرێت، لێگەڕێن مناڵان ژیانێکی مناڵانەی بێ گەردی خۆیان نمایش کەن کە پربێت لە خۆشی وشادی و یاری و چالاکی و زانست و زانیاری. وە لە ڕێگەی پەروەردەو خوێندنەوە مناڵان و کۆمەڵگە هوشیار بکرێنەوە بە مافەکانی مناڵان و لە ڕێگەی سیمینارات و کۆڕۆ کۆبوونەوەو بەرنامەی پەروەردەیی بۆ دایکان و باوکان و گەورەکان لەڕێگەی کەناڵەکانەوە. لەو ڕۆژەدا ڕۆژی ٦/١ هاتنە مەیدانی ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافەکانی مناڵان، خەڵکانی ئازادیخوازو دیفاع کەر لە مافەکانی مناڵان، مامۆستایان لایحەی خۆیان بەرزدەکەنەوە لەسەر وەزعی خراپی مناڵان و پێداویستییەکانیان وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە، پێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە. کە هەر ئێستا لەکاتێکدا زۆرێک لە مافەکانی مناڵان بەدیهاتووە لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ژێر فشاری بزووتنەوەی بەرگری لە مافی مناڵان وە کاریگەری بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیست و ئینسان دۆستەکان لە هەموو جیهاندا، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە و بەشداری ژمارەیەکی زۆری ژنان لە کاری دەرەوە بۆ باشکردنی ژیانی خۆیان و مناڵەکانیان لە مەیدانە جیاجیاکاندا بەردەوام لە ڕێگەی سەندیکا کرێکارییەکان و نەقابەو ڕێکخراوەکانی پەروەردەو فێرکردن لە هەوڵی ئەوەدان کە ژیانی مناڵان و خوێندنگاکان بەرەو باشتر بکەن.

**بۆپێشەوە: هێشتا بەشێک لە مناڵان لە کوردستاندا، خەریکی کارکردنن یان ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانیان لەسەر شانە، چۆن دەکرێت ئەو دیاردەیە بنەبڕ بکرێت؟**

**سەرگوڵ ئەحمەد:** بەڵێ هەروەکو لە سەرەوەش ئیشارەتم پێکرد، هێشتا بەشێک لە مناڵان لەناو بازارەکانی کارکردندان و ئێسک و پروسکی ناسکیان دەهاڕن، بە سەرمای زستان و گەرمای هاوین، لەسەر جادەو شوێنە گشتییەکاندا و لەکاتە درەنگەکانی شەودا کە لە هەمان کاتدا و بەرووی لێدان و ئیهانەو سوکایەتی دەبنەوە تا دەگاتە دەستدرێژی کردنە سەریان و دەبنە قوربانی... کە ژمارەی ئەو مناڵانە کەم نین کە

←

> **بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەی (کارپێکردنی مناڵان) ئەرکی ئێمەی گەورەکانە ئەرکی ئینساندۆستەکان و بەرگریکاران لە مافەکانی مناڵان کە فشار بێنن بۆ دەسەڵاتداران کە خۆیان بە بەرپرس بزانن لە بەرامبەر باشکردنی ژیانی مناڵان و دابینکردنی پێداوستییەکانیان ...**

تەرمەکانیان بەداخەوە لە پاش چەند ڕۆژێک دەدۆزرێننەوە. کارپێکردنی منالان یەکێکە لەدیاردە بەرچاوەکانە لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی و لە عێراق بە گشتی کە بەشێکی زۆری ژیانی بەشێک لە منالانی داگیرکردووە، وەک یەکێک لە بێمافییەکانی منالان هەژمار دەکرێت.

وە بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە (کارپێکردنی منالان) ئەرکی ئێمەی گەورەکانە ئەرکی ئینساندۆستەکان و بەرگریکاران لە مافەکانی منالان کە فشار بێنن بۆ دەسەلاتداران کە خۆیان بە بەرپرس بزانن لە بەرامبەر باشکردنی ژیانی منالان و دابینکردنی پێداوستییەکانیان. بۆ نموونە کە بۆ هەر منالێکی خوار تەمەن ١٨ سال بوجەیەکیان بۆ ببڕێتەوە لە ژێر ناوی (یارمەتی منالان) کە خێزانەکان ناچار نەبن منالاکانیان بنێرنە بەر کار هەر لە تەمەنی پێنج سالی و شەش سالی و دەست فرۆشیان پێ بکەن، کە زۆرێک لەو منالانە واز لە خوێندن دێنن و ئەو مافەشیان لێ دەسنرێتەوە کە مافی خۆێندنە. هەر بۆیە ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ بۆ باشکردنی ژیانی منالان. منالان کاتی لە ژینگەیەکدا چاو بە دنیا هەڵدێنێت پێویستیان بەوە هەیە کە لەلایەن گەورەکانەوە ژیانیکی ئارام و ئاسودەو تەندروستیان بۆ فەراهەم بکرێت. یارمەتیان بدرێت و پشتگیریان بکرێت لە لایەن گەورەکان بۆ ئەو پەروەردە و ڕێنماییەی کە پێویستیانە بۆ گەشەکردن بەرەو سەربەخۆیی و بڕوابەخۆبوون. ئەم جۆرە پەروەردەکردنە بە شێوەیەکی ئایدیاڵ لە گەورەکانەوە لە خێزانەکانی منداڵەکاندا بە هەمان شێوە لە خوێندنگاکاندا دەدۆزرێتەوە، کاتی گەورەکان ناتوانن پێداویستییەکانی مندالان دابین بکەن، ناچاریان دەکەن بە کارکردن لە کاتێکدا ئەوە کاری دەوڵەت و حکومەتە وەک هەڵگری ئەرکی سەرەکی کە بەدیلێک لە بەرژەوەندی مندالاندا بدۆزێتەوە، بەلام ئەگەر ئەو حکومەتە وجودی هەبێت.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانە راکیشانی منالان بۆ ناو دنیای سیاسەت، یان حجاب کردنیان و خستنیان بەر نوێژ و ڕۆژ و نەریتە دینیەکان؟**

**سەرگوڵ ئەحمەد:** بە بڕوای من پەلکێشکردن و ڕاکێشانی منالان بۆ ناو سیاسەت و نەریتە دینییەکان تاوانێکی گەورەیە کە بەرامبەر بە منالان دەکرێت و دنیای منالیان دەشێوێنن. منالان تا گەورە دەبن بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕن، وەکو قۆناغی کۆرپەیی، منداڵی ساوا، قۆناغی پێش قوتابخانە و تەمەنی خوێندن کە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی و پەیمانگاو کۆلیج... هتد. هەربۆیە ئینسانەکان قۆناغێکیان هەیە لە ژیاندا کە پێی دەڵێن قۆناغی منالی کە لەم قۆناغەدا منال تەنهاو تەنها منالەو دەبێت مومارەسە ژیانی منالی خۆی بکات بە هاوکاری و پشتیوانی گەورەکان. ئەوە ئەرکی سەرشانی گەورەکانە لە دایک و باوک، بەخێوکەران مامۆستاو دادەکانە کە بتوانن پەیوەندییەکی ئەرینیانە لەگەڵ منالەکان دروست بکەن. لەڕێگەی کات بەسەربردن و تێکلاوبوون لە گەڵیاندا. نزیکایەتی و تێکەڵ بوون لەگەڵ منالەکان خالێکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی وەلامدەرەوە لەگەڵ مندالاندا بۆئەوەی بەدرێژایی ڕۆژ پێشوازییان لێ بکرێت. وە هاندانی تواناکانیان بدرێت. ئەویش بە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان کە مندالان لە کاتی چالاکییەکاندا بەکاری دەهێنن. منداڵەکان دەبێت یارمەتی بدرێن بۆ قسەکردن و وروژاندنی پرسیارەکانیان، بۆ زانین و درێژکردنەوەی فێربوونیان. کە لەم ڕێگەوە پەیوەندییەکی متمانەپێکراو دروست دەکرێت لەگەڵ منالەکان وە منالاکان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و تامەزرۆی ژیان دەکەن کاتی کە دەبینێت گرنگیان پێ دەدرێت و پێداویستییەکانی بۆ دابین کراوە چ لە مال چ لە قوتابخانە. بۆ نموونە منالان پەلکێشی ناو سیاسەت بکرێت و ڕاپێچی مزگەوت و شوێنە دینییەکان بکرێت مێشکیان تێک بدرێت بە بابەتێک کە هیچی لێ حالی نابێت و توانای هەڵگرتنی ئەو بابەتەی نییە، نە جەسەدی و نە عەقڵی بۆیە تاوانە و دەبێت دوربخرێتەوە لە و شوێنانە. منالان دەبێت ژیانێکی ئارام و ئاسوودەو تەندروستیان هەبێت وە ژینگەیەکی پارێزراویان بۆ دابین بکرێت. کە ئەویش ئەرکی حکومەت و دەسەلاتدارانە. بۆیە زۆر گرنگە لەگەڵ منداڵەکان هاوکار بین، و ژینگەیەکی گەرم و تەندروستیان بۆ دروست بکرێت کە پر بێت لەیاری و داهێنان و بیرکردنەوەو پیشاندانی تواناکانیان، نەک سیاسەت و دین. بەپێی بنەما ئینسانییەکانی ئەم سەردەمە دەبێت ئاین و هەموو ئەو ئایدۆلۆژیە سیاسیانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی منالانەوە نییە دووربخرێنەوە لە ژیانی منالان، لەبەرئەوە بەپێی توێژەرەوە کۆمەلاتییەکان و زانستییە دەرونییەکان دەریخستوە کە منالانی خوار تەمەن ١٨ سال توانای بریاردانی هیچ شتێکی نی یە بە شێوەیەکی دروست و لە ڕووی عەقلییەوە هێشتا کامل نی یە. بۆیە پێویستە فشار بۆ منالان نەهێنرێت بۆ تێکەڵ بوون لە سیاسەت و دینەکان و تاوەکو کامل دەبێت، ئەوکاتە خۆیان دەگەرێن بەدوای زانیاریەکان و تێ دەگەن چیان پێ باش بوو ئەوە هەلدەبژێرن بە دلی خۆیان. لەبەر ئەوە فشارو بەزۆر پۆشینی حیجاب کە پۆشاکێکی ئاسایی نی یە و ڕەمزی ئیسلامی سیاسی یە بتانەوێت و نەتانەوێت ئەگەر تۆ سەر بە لایەنێکی ئیسلامیش نەبیت، بەلام پۆشاکەکەت کە خزمەت ئەودایە. هەر بۆیە هەولدان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسان و تەندروست پێویستە لە سەرەتا لە منالانەوە دەست پێ بکەین، لە باشکردنی ژیانی منالانەوە دەست پێ بکەین. ژیانی ئیستای منالان باش بکرێت بۆ داهاتوی کۆمەڵگەیەکی باش.

**چەندین سەنتەرو ڕێکخراو هەیە کە کار دەکەن بۆ دیفاع لە مافەکانی منالان، بەلام لەبەرئەوەی ئەجندای حیزبەکانیان پەیرەو دەکەن ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر دەورو نەخشیان هەبێت لە ڕووبەروبوونەوەو وەستانەوە لە دژی ئەو هەموو بێمافییانەی بەرامبەر منالان دەکرێت و کێشەکانی منالان رۆژ بەڕۆژ دەبینرێت و دەبیسرێت...**

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی نەخوازراوی ئابوری چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان هەیە؟**

**سەرگوڵ ئەحمەد:** زۆرێک لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە کاریگەرییەکی نارێژەیی و زۆرجاریش نەرێنی لەسەر مندالان دروست دەکەن.

گۆڕینی پێکهاتەی خێزان، جیهانگیری، گۆڕانی کەشوهەوا، دیجیتالبوون، کۆچی بەکۆمەل، گۆڕانی شێوازی دامەزراندن و بچووکبوونەوەی تۆڕی چاودێری کۆمەلایەتی لەزۆرێک لە ولاتان، هەموویان کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر مندالان هەیە. کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانە دەتوانێت بە تایبەتی لەدۆخی شەڕی چەکداری و حالەتە لەناکاوەکانی تردا وەک هەلومەرجی نەخوازروای ئابوری کاریگەریەکی وێرانکەر بێت لەسەر ژیانی منالان کە هەر وەکو لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، هەمیشە منالان لە بەردەم هەرەشەی کارکردندان کە بەشێکیان بێبەش دەبن لە مافی خوێندن. هەر بۆیە منالان هەر لە کۆرپەیی یەوە/ منالی ساوا تا تەمەنی ١٨ سال پێویستیان بە یارمەتی و پشتیوانی گەورەکان هەیە بۆ نموونە چۆن یارمەتی منالەکەت دەدەیت بۆ یەکەم جار کە کاتی لە کاتی ژەمەکانی نان خواردن، لە تەنیشتیان دانیشیت لە ئاستی منالەکە و هەر لەگرتنی کەوچکەکە تا دەگاتە قۆناغی خوێندن، چونکە مندالانی ساوا/کۆرپە هیچ بیرۆکەیەکیان نی یە کەچی دەکەن، پێوستە گەورەکان دەستی هاوکاری و یارمەتیان بۆ درێژ بکەن.

**بۆپێشەوە: سیستەمی پەروەردە چ کاریگەرییەکی لەسەر منالان هەیە؟**

**سەرگوڵ ئەحمەد:** ئێمە کاتی باس لە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و ئازادو یەکسان دەکەین دەبێت بزانین تا چ ڕادەیەک گرنگی دەدرێت بە سیستەمی پەروەردەو خوێندن هەر لە بەکارهێنانی ئەو پێداویستی و مەتریالانەی کە مامۆستایان بەکاری دەهێنن، شێوازی بینای خوێندنگاکان تا دەگاتە ئەوەی چ مەنهەجێک ئامادەیە بۆ منالان، لەبەرئەوەی سیستەمی پەروەردەو خوێندن سەکتەرێکی گرنگە بۆ بنیاتنان و گەشەی کۆمەڵگەیەکی ئارام و تەندروست کە ئەویش لە منالانەوە دەست پێدەکات. لە هەمانکاتدا ئەگەر سەرنج بخەمە سەر فێربوونی منداڵەکە و پێویستیان بە وەلامدانەوەی خێرا کە لە ڕووی گەشەکردنەوە گونجاو بێت بە دابینکردنی هەلبژاردنی کەرەستە و چالاکییەکان بۆ هاندانی بەبێ ناچارکردن. شێوازی ئەداو لیاقەو تاقەت و حەوسەلەی مامۆستایان. تا چەندێ گرنگی دەدرێت بە مامۆستایان کە بتوانێت وزەو توانای خۆی سەرف بکات بۆ یارمەتیدان و پشتیوانیکردن لە تواناکانی منالان. بەداخەوە کاتی مامۆستایان بەردەوام کێشەی دواکەوتنی مووچەیان هەیە، مووچەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێت و لە لایەن دەسەلاتەوە پاشەکەوتیان بۆ دەکرێت، مامۆستایان ناچار بە کارێکی تر دەکرێت کە لەگەڵ خواست و ئارەزووی خۆیدا نی یە، لە کاتێکدا نارەزایەتی دەردەبڕن ئیهانەو سوکایەتیان پێدەکرێت لە بەرچاوی دنیا کەسایەتیان دەروخێنرێت لەلایەن دەسەلاتەوە. ئەبێ مامۆستایان چ تاقەت و حەوسەلەیەکیان هەبێت کە وانە بلێنەوە، کتێب بخوێننەوە و کەشو هەوایەکی تەندروست و ژینگەیەکی ئارام و پارێزراو دروست بکات بۆ منالەکان، مامۆستایان خۆیان گیرۆدەی هەزار کێشەن چۆن دەتوانن ستراتیجێک بەکاربهێنن کە یارمەتی منالان بدەن کە سەما بکەن بۆ هاندانی جولەی جەستە و زمان و گەشەی مێشک و هزریان. ئەگەر وەزعی مامۆستایان و دایکان و باوکانی منالان باشبکرێت بە دلنیایی ئەم ستراتیژیانە یارمەتی دەدات کە پەیوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ مندالان دروست بکەن، چونکە بەو شێوەیە گەورەکان هەمیشە ئامادە دەبن بۆ یارمەتیدانی فێربوونیان بۆ پەیوەندیکردن بۆ ئەوەی هەست بە گشتگیربوون و ئاسوودەیی بکەن. هەروەکو جین کلینتۆن، "مندالانی بچووک جیهانەکەیان وەک ژینگەیەکی پەیوەندییەکان ئەزموون دەکەن و ئەم پەیوەندییانە کاریگەرییان لەسەر هەموو لایەنەکانی گەشەکردنیان هەیە" (کلینتۆن، بیربکەرەوە، هەست، لاپەرەی ل1). پەیوەندی دروستکردن پێکهاتەیەکی چالاکە لە گەشەکردنی منالێکی تەندروستدا، بە تایبەت بۆ گەشەکردنی مێشک. لەبەرئەوە سستەمێکی پەروەردەی ئینسانی کاریگەرێکی ئەرینی باشی دەبێت لەسەر بنیاتنانی نەوەی دوارۆژ.



# ئاسۆ کەمال: سەرمایە لە عێراقدا بە زمانی کەڵەکەکردن و پاوانکردن و کێبڕکێ قسەدەکات، نەك بە زمانی نەتەوە و دین و تایفەگەری مەزهەبی. ئەم ناوانەی بەشی کورد و شیعە و سونە نازناوی دووەمی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ نووسەر ئاسۆ کەمال، سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی تازە لە عێراق...

**بۆپێشەوە: با بەو پرسیارە سادەیە دەست پێ بکەین، بۆچی دوای ئەو ماوە زۆرە بەدوای هەڵبژاردندا حکومەت بۆ پێک نایەت؟**

**ئاسۆکمال:** ڕیشەی قەیرانەکانی دەوڵەتی عێراق و لەوانەش ڕێک نەکەوتنی لایەنەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت دوای لە ٧ مانگ لە هەڵبژاردن لە جۆری تایبەتی دەوڵەت و دەزگا سیاسیەکان و دەسەڵاتە میلیشیاکانی پێکهێنەری ئەم دەسەڵاتەدایە لە عێراق و کوردستان.

دەوڵەتی فیدراڵی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە وەک دەوڵەتێکی ترانسناشناڵ دروست کراوە. ئیدارەی بوش بە راوێژکاری لەگەڵ کەسانی وەک تۆنی بلێر و نیولیبرالەکانی ڕۆژئاوا نەخشەیەکی سیاسی و ئابووری تەواویان بۆ چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی سیکتاریستی و بەش بەش کراو دوای سەدام حسێن دانابوو. کوردستانیش بوە بەشدار لە پێکهێنانی دەولەتێکی لاوازی "ترانسناشنال" کە تیایدا چیتر یەک بەرژەوەندی "نیشتمانی" سەرانی ئەو دەوڵەتە کۆناکاتەوە، بەڵکو شتێک بە ناوی بەرژەوەندی گشتی نامێنێت، وە جێگا و ڕێگا و بەرژەوەندی ماددی هەر سێکست و ئەتنیکێک (وەک کورد و شیعە و سونە) پەیوەست دەبێت بە پارسەنگی هێز و رادەی هێزی میلیشیایی و مادی و سیاسی ئەو حیزب و کۆمپانیا بازرگانیانەی کە "نوێنەرایەتی"یان دەکەن.

واتە دەوڵەتی عێراق لەو مۆدێلەی "دەوڵەتی نەتەوە" ی بەعسەوە گۆڕدرا بە دەوڵەتێک کە سەرێکی بەسترایەوە بە بەرژەوەندی کۆمپانیا جیهانیەکان و دەولەتانی ناوچە کە نیازی ئابووری و سیاسی گەورەیان هەبوو لە عێراق. لێرەدا دەوری تورکیا و ئێران و ئەمریکا و ڕووسیا و چین و ..هتد، وە ڕاددەی دەستێوەردانیان لە عێراق چەندە پەیوەندی بە هەژمونی دەسەلاتی سیاسیانەوە هەیە لە ناوچەکەدا، سەرێکی تری وا بە بەرژەوەندی ئابووری گەورە و ناوچەیی لە بواری نەوت و گاز و ئاو و کارەبا و بازرگانی و کالا ساغکردنەوە لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستان و ،،هتد.

ئەم دەوڵەتە ترانسناشناله جۆرێکی تایبەت لە سیاسەتکردنی لەگەڵ خۆیدا هێنا. سیاسەت کردن لە عێراق، سەرباری ئیدعاکانی وەک سیاسەتێکی ‘دژە دیکتاتۆری، دیموکراتی، مافی کەمەنەتەوەکان، مافی ژنان و فرەیی و ..هتد" ، لە راستیدا بۆ هەر هێزێکی سیاسی بەشدار بوو بچوک بوەوە بۆ هاوکێشەیەکی سادە کە بریتی یە لە شەڕکردن بۆ مسۆگەرکردنی گەورەترین بەش لە سامان و داهاتی عێڕاق بۆ حیزبەکەی یان گروپەکەی خۆی.

> **کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەڵاتی پشتی پەردەی حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی حزبە شیعەکانی عێراقە. بەڵام لەم ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا هێزە شیعەکان ئیتر ئەو گروپە چەکدارانە نین کە لە ئێرانەوە هاتن و تەنیا خاوەنی چەکەکانیان بوون، بەڵکو ئێستا ئەمانە چینی بورژوازی ملیاردێری عێراقن...**

هەروەها مسۆگەر کردنی دەسەڵاتی یاسایی لە ناوچە و جێگای خۆیدا بەسەر دابەش کردنی زەوی و زار و سەرچاوەکانی کارەبا و ئاو و سامانە سروشتیەکانی تر. بەم پێ یە سیاسەت بەکارهێنرا و دەهێنرێت بۆ پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە هەم بۆ چینی سەرمایەدارانی ناوخۆ و هەم بۆ کۆمپانیا جیهانی و ئیمپریالیستیەکان.

ئەم کەڵەکەی سەرمایەیەش لە ڕێگەی داهاتی نەوت و سامانە سروشتیەکان و ئابووری بەکرێ دان، وە لە دەستبەسەردا گرتن و دابەشکردنی زەوی زار، و هەم لە دەستبەسەداگرتنی سەد و بەنداو و خاڵە سنوریەکان تا ئێستاش بەردەوامە. دابەشکردنی ئەم سەرچاوانەی سامان و سەرمایە پاڵنەر وبابەتی سەرەکی سەدان کۆبونەوەی پەرلەمان، وە شەڕو و ئاشتی لایەنەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بە بەردەوامی. ئەم جۆرە لە سیاسەت کردن گەیشتۆتە ڕاددەیەک کە لەم سالانەی رابردوودا ئەو پۆستە وزاری و گرنگانەی کە کۆنترۆڵی هەیە بەسەر زۆرترین سەرچاوەی داهاتدا، نرخی تایبەتی لەسەر بێت بۆ فرۆشتنەوە؛ وە شەڕی گەورە هەمیشە بە دەوری سێ

پۆستە گەورەکەدایە کە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانە.

هەربۆیە هەمیشە ئەم دەوڵەت و حکومەتە لە کێشمەکێشێکی هەمەلایەنەی بەردەوامدایە و هیچ هەڵبژاردن و دیموکراسیەکی پەرلەمانی سەقامگیری ناکا. هەڵبژاردن و پەرلەمان ئامڕازێکن بۆ یەکلاکردنەوەی فەرمی ئەو ململانێ سیاسی و چەکداری و نەخشە ناوچەیی و نێودەوڵەتیانەی کە خۆیان هەمیشە ناجێگری دروست دەکەن. هەربۆیە کاتێک بەرژەوەندیەکانی ئەم لایەنانە دژ بەیەکە توانای چارەسەکردنی نییە ئەوا ڕێگا یاساییەکانیش بەم شێوەیە توشی شەلەل دەبن.

بنبەستی ئێستا بەرهەمی چەند ململانێیەکە لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوخۆی عێراق و کوردستان. ململانێی ئێران و ئەمریکا لەسەر کەمکردنەوەی نفوزی یەکتر لە ناو حکومەتی تازەدا. ململانێی هێزە شیعەکان لەسەر چۆنیەتی حکومەتی زۆرایەتی یان تەوافقی. ململانێی یەکێتی و پارتی لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و چونە پاڵ بەرە جیاجیاکانی عیراق. فشاری نارەزایەتی خەڵکی عێراق و گەنجەکان لەسەر هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی شیعە و سونە.

> **دەورەیەك نارەزایەتیەکانی کوردستان بەدوای گۆڕاندا ڕۆشت و دەورەیەکیش نارەزایەتیەکانی عێراق بەدوای سەدر دا، ئەمە نیشانی دەدا کە ڕیزی سەربەخۆی کرێکار و زەحمەتکێش لە عێراق و کوردستاندا نەبوەتە بەدیل و هێزێکی سیاسی و جەماوەری...**

لە کۆتاییدا شەڕ و ململانێ سیاسیەکاندا ئەمانە هەموو پێویستیان بە ڕیکەوتن هەیە لەسەر بەشە بودجە و پۆست و ناوچەی دەسەڵات و بە پێی ئەم هاوسەنگی هێزە دیسانەوە دەکەونەوە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان تا خۆیان بۆ دەورەیەکی تری کەڵەکەی سەرمایە ئامادە دەکەن و دەسەڵاتی سیاسی و میلیشیایان دەخەنەوە گەڕ بۆ دەورەیەکی تری ٤ ساڵی تا لەڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە جارێکی تر شەرعیەت بدەن بەو دەستکەوتانەی لەو ٤

ساڵەدا بەدەستیان هێناوە. ئەمە پێی دەڵێن بازنەی ڕیسایکڵ و تازەکردنەوەی سیاسەت و دەسەڵات و حکومەت لە عێراقدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ترانس ناشنالدا کە بنەماکانی نەگۆڕە هەرچەند ژمارەی کورسیەکانی لایەنەکان بگۆڕێ و پۆست و وەزیرەکان لە گۆڕانیشدابن. .

**بۆپێشەوە: ناو ماڵی شیعەکان" لێکترازاوە، ئەم لێکترازانە چ کاریگەرییەکەی لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**

**لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکەی لەسەر حکومەت و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

**موقتەدا سەدر پێداگری لەسەر پیکهێنانی حکومەتی زوربە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە حکومەتی تەوافوقی بهێنێت، چۆن دەڕوانە ئەو پێداگرییەی موقتەدا سەدر؟ ئایا لەهەلومەرجی ئیستای عێراقدا، پیکهێنانی حکومەتی زوربە لە جێگای حکومەتی تەوافوقی کیشە دروست ناکات؟**

**ئاسۆکمال:** کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەڵاتی پشتی پەردەی حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی حزبە شیعەکانی عێراقە. بەڵام لەم ٢٠ ساڵەی ڕابردوودا هێزە شیعەکان ئیتر ئەو گروپە چەکدارانە نین کە لە ئێرانەوە هاتن و تەنیا خاوەنی چەکەکانیان بوون، بەڵکو ئێستا ئەمانە چینی بورژوازی ملیاردێری عێراقن. لێکترازانی ئەمانە ڕەنگدانەوەی کێشمەکێشی ئەم حزبانەیە لەسەر ناوچەی دەسەڵات و بەشی نەوت و بودجە و هێزی میلیشیایی و دەزگای دەوڵەتی. ئێران ناتوانێ لە بازاڕی سەرمایەی عێراقدا هەموو کارە بێت و هێزە شیعەکان ناچارن مل بە پێداویستیەکانی بازاڕی کەڵەکەی سەرمایەکانیان بدەن پێش ملکەچی بۆ مەرجەعیەتەکانیان. بەڵام ئێستا جیاکردنەوەی ناوچەی دەسەڵات و یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕە سیاسی و ئابوریانە لە عێراقدا بۆ شیعەکان ئاسان نییە و ئەوان تەنیا بەشێکن، هەرچەند بەشی سەرەکی و باڵادەستیشن، لە پرۆسەیەکی ترانس ناشناڵ کە ئەمە ئالۆزی و

**دەورەیەك ناڕەزایەتیەكانی كوردستان بەدوای گۆڕاندا ڕۆشت و دەورەیەكیش ناڕەزایەتیەكانی عێراق بەدوای سەدر دا، ئەمە نیشانی دەدا كە ڕیزی سەربەخۆی كرێكار و زەحمەتكێش لە عێراق و كوردستاندا نەبوەتە بەدیل و هێزێكی سیاسی و جەماوەری...**

لیکترازانی لە ڕیزەکانیاندا دروست کردوە. هەرچۆن ڕیزی ناسیونالیستی کورد، یەکێتی و پارتی لێک ترازاندوە وێڕای ئەوەی بۆ ١٠ ساڵێک ڕیکەوتنی ستراتیژیان هەبوو. هەربۆیە سەرمایە لە عێراقدا بە زمانی کەڵەکەکردن و پاوانکردن و کێبڕکێ قسەدەکات، نەک بە زمانی نەتەوە و دین و تایفەگەری مەزهەبی. ئەم ناوانەی بەشی کورد و شیعە و سونە نازناوی دووەمی دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتە. پێویستە بیزانین ئەوەیە کە سیاسەت بە تەواوی لە خزمەتی بەرژەوەندی ئابووری حیزبەکان و هێزەکانی نیو پەرلەماندا بەکار هێنراوە. بەڵام بەرژەوەندی حیزبەکان و لایەنەکان بە تەنها خۆیان دیاری ناکەن، بەڵکو کۆمپانیا جیهانیەکان دەستێکی باڵایان هەیە لە ئاراستەکردن وکۆنترۆڵکردنی بەرژەوەندییەکانی هەر لایەنێکدا .

دیموکراسی پەرلەمانی و حکومەتی زۆرینە و ئۆپۆزسیۆن بونی میلیشیاکان گاڵتەی ئەم دەوڵەتە ترانس ناشناڵەیە کە بوەتە یەکێک لە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی دیموکراسی. ئەمانە لەسەر چاڵە نەوتێک و پۆستی وەزیرێک و سەفقەیەکی بازرگانی ئامادەی شەڕی سەروماڵین لەگەڵ یەکتردا ئێستا بۆ لەدەست دەرهێنانی ناوچەی دەسەڵات و بەشە نەوت و گاز و کۆمپانیا و وەزارەت دەبنە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی! ئەوەی ٢٠ ساڵە توانیویەتی ئەم میلیشیا و هێزە دژبەیەکانە ڕابگرێ ئەوەیە کە ڕیکەوتون لەسەر ئەوەی لە داهاتی دزی و تالانی و کەڵەکەی سەرمایەدا لە عێراق بێبەش نەکرێن.

**بۆپێشەوە: لەدوای کەوتنی دەسەڵاتی بەعسەوە ناسیونالیزمی کورد و حزبە دەسەڵات بەدەستەکان، بە تەوافوق لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بەشداری لە دەسەڵات بوون، ئایا بە وەلانانی تەوافوق چارەنووسی پۆست و ئیستیحقاقاتەکانیان چی بەسەر دێت؟ جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟ چۆن دەروانیتە کۆبونەوەی نێوان مەکتەب سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی؟**

**ئاسۆکمال:** حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بووە بە باشترین نمونەی ئەم دەوڵەتی ترانس ناشناڵ و فرە کۆمپانیایە. لێرەدا دەوری تورکیا و ئێران و ئەمریکا..هتد، وە ڕادەی دەستێوەردانیان لە کوردستان چەندە پەیوەندی بە دەسەلاتی سیاسیەوە هەیە، سەرێکی وا بە بەرژەوەندی ئابووری ناوچەیی بەتایبەت لە بواری نەوت و گاز دا. پەرلەمانی کوردستانیش بوە بە ئەو دەزگایەی کە مۆر بدات لەو یاسایانەی کە دەرگا ئاواڵا دەکات بۆ مامەڵە و بازرگانی نێوان کۆمپانیا ترانس ناشناڵیکان لەگەڵ کۆمپانیا حیزبی و بنەماڵەییەکانی یەکێتی و پارتی و گۆڕان؛ هەر ئەم حیزبانەش ئەم کەڵەکەی سەرمایە یە بۆ خۆیان بە ناوی دەستکەوتی نیشتمانی و سەربەخۆیی ئابوری و سیاسیەوە دەفرۆشنەوە بە خەڵک، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بوژاندنەوەیەکی ئابووری و دەستکەوتێکی ماددی ئەوتۆ یان لێوە بەدەست هاتبێ بە قازانجی خەڵک.

قەیرانەکانی ئەم سیستەمە، وەک پێش ٢٠٠٣، تەنیا پەیوەست نییە بە کێشەی نێوخۆی ناسیونالیزمی کورد لە نەبونی ئاسۆیەک بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتداریێتیان لە هەرێمدا، چونکە ئەم کێشەیە لە نێو دەوڵەتێکی پڕ ململانێی، فیدرالی ترانس ناشنال و میلیشیایدا بووەتە سیمایەکی ئاسایی سیاسەتکردن؛ وەک ئەوەی پێویستیەکی سەرەکی کێشە و ململانێی دەسەڵات بێت لە عێراقدا.

قەیرانی ئابوری لە هەرێمدا ئێتر بووەتە سەرچاوەی قەیرانێکی فراوانتر کە هەمیشە قەیرانی سیاسی و ئیداریش بەدوای خۆیدا دێنێ. هۆکارێکی سەرەکی ئەمەش بەسترانەوەی ئابوری کوردستانە بە بەرزونزمی نرخی نەوتدا، چالاکی و ئاستی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان، بە ڕێکەوتنی نەوتی لەگەڵ تورکیا و کێشەی بودجەی فیدرالی، ئەمانە هەمووی پێکەوە حکومەت و دەسەڵاتی ئابوری یەکێتی و پارتی بەردەوام لە ژێر فشاری شکستی گەورەی ئابوریدا دادەنێ.

لەسەرەتاوە پارتی و یەکیتی تا فێری چۆنێتی ئەم دابەشبوونە لە دەوڵەتی ترانس ناشناڵدا بوون پێویستیان بەوەبوو کە پێکەوە فراکسیۆن دروست بکەن و یەکگرتووبن؛ دواتر نەک هەر ئەوان، بەڵکو بزوتنەوەی گۆران و نەوەی نوێش فێر بوون کە ئەوە "کورد بوون" نی یە لەم دەوڵەتە نوێ یەی عێراقدا کە پاڵنەری سەرەکی پێکەوە کارکردن و دەنگهەڵبڕین بێت؛ بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە دەست بۆ کێ هەڵئەبڕی و دەنگ بە چی دەدەیت و ئەو دەنگدانە چ قازانجێک بۆ خۆت و گروپە سیاسیەکەت بەدی دێنی؛ تەنانەت هەندێک لە ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی نێو ئەنجومەنی عێراق ئەوەندە فێری ئەم هونەرە سیاسی یە بوون کە زۆر ئاسایی سەربەخۆ کاردەکەن و مامەڵەی جۆراوجۆر بە پلە و پۆستەکانیانەوە دەکەن لەگەڵ هەر لایەنێکی نێو پەرلەمانی عێراقدا کە نرخێکی زیاتریان لەسەر دانێ. هەربۆیە دەبینین کە ئەم حیزبە کوردیانە کە کوردایەتی بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشنەوە کەی پێویستیان بوو، خۆیان زۆر مەسەلە نییە لە لایان و تەنها بۆ چەواشەکردنی خەڵکی ئەو خیتابە بەکار دێنن .

گرتنەبەری ڕێگای جیاواز لە بەغداد لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە ئەو ململانێیە کە ئەم دوو هێزە لەسەر ناوچەی دەسەڵات و داهات هەیانە کە ئێستا مەیدانەکە فراوانتر بوە و هەموو عێراقی گرتۆتەوە نەک هەر کوردستان. ئەم ململانێیە لەژێر سێبەری بەرژەوەندی هاوبەشیاندا دەچێتە پێش کە بەناوی کوردەوە لە عێراقدا وەری دەگرن، وە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێری دۆخی کوردستان دەکەن تا ڕێگە لە زاڵبونی تەواوی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرتاسەری عێراقدا بگرن. هەربۆیە لە کۆتاییدا ئەم دوو هێزە پێویستیان بە ڕیکەوتنە لەسەر پۆست و بەشە بودجە و نەوت و گاز.

کۆبونەوەی پارتی و یەکێتی دوای ٧ مانگ لە کێشەی سەرۆکایەتی کۆمار نیشانی دەدا کە ئەم فشارە ناوخۆیی و دەرەکیانە چەندە لەسەر ئەم دوو دەسەڵاتە! لەلایەک مەسەلەی فشارەکانی حکومەتی عێراق لەسەر نەوت و گازی کوردستان و لەلایەکی ترەوە فشاری ئێران و ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ لابەلاکردنەوەی کۆسپەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا.

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بروایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بێت؟**

**ئاسۆکمال:** لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گرنگانەی لە ئاستی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکاندا لە عیراق و کوردستاندا ڕویانداوە وەک ١٧ شوبات ٢٠١١ لە کوردستان و دیسەمبەری ٢٠١٩ لە عێراق و خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتەکانی ئەم دەساڵەی ڕابردوو، بەڵام هوشیاریەکی فراوانتر پێویستە سەبارەت بەوەی کە لە عێراق و کوردستان چ سیستمێک دەسەڵاتدارە و چۆن ئەم سیستمە لەباری سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی بورجوازییەوە. ئەمە گرنگە تا بزانین دەوری حزبە دەسەڵاتدارەکان چییە، وە بەرژەوەندی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بورژوازیانەش لە ڕاگرتنی پایەکانی ئەم سیستەمەدا چی یە ، ئەوان لەگەڵ چ شتیکیدان و دەیانەوێ چی لەم سیستەم و ئیدارەیە بگۆڕن بە خۆپیشاندانی خەڵک؟

دەورەیەک ناڕەزایەتیەکانی کوردستان بەدوای گۆڕاندا ڕۆشت و دەورەیەکیش ناڕەزایەتیەکانی عێراق بەدوای سەدر دا، ئەمە نیشانی دەدا کە ڕیزی سەربەخۆی کرێکار و زەحمەتکێش لە عێراق و کوردستاندا نەبوەتە بەدیل و هێزێکی سیاسی و جەماوەری. ئەم ڕیزە پێویستە لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری موچەخۆران و کرێکار و گەنجان و ژناندا دروستت ببێ. جێگای حزبی کرێکاری جەماوەری و ڕیکخراوەی جۆراوجۆری کرێکاری و مامۆستایان و فەرمانبەران و ژنان و خوێندکاران پێویستە دروست ببێ.

داواکارییەکانی موچە و دابینکردنی خزمەتگوزاری و داوای ئازادییە سیاسیەکان و دژی گەندەڵی و سەرکوتی میلیشیایی کە لە ئارادایە هێزی جەماوەری ناڕازی کۆدەکاتەوەو لە ڕیگەی ئەم دەستەی ناڕەزایەتییە جەماوەریانەوە پێویستە بەرەو ڕیکخراوبوون بۆ گۆڕینی ئەم دۆخەی پەرژوبڵاوی و ناڕیکخراوییە بچێ. .

ئەم ستراتیژیەی کە لە ئێستادا خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لە هەموو شوێنێکدا ڕێکخراو بەرامبەر دام و دەزگای و حکومەتی عێراق و هەرێم ڕاوەستن لە کاتی هەر دزیەک کە لە نەوتدا دەکرێ، لەهەر سەرکوتێک لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا، لەهەر پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت کە لە بودجەی گشتی دەدزرێ، لەهەر نەدان و بڕینێکی موچەدا، وە لە دروستکردنی بۆرد و ڕیکخراوەی جەماوەری بۆ تەنگ هەڵچنین و لابردنی بەڕیوەبەر و بەڕیوەبەری گشتی و وەزیر و کابینەی حکومەت و سەرۆکی حکومەتدا، دەتوانێ سەرئەنجام هێزی جەماوەر بکاتە حکومەتی سێبەر بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا، وەک دەسەڵاتێک دەربکەوێت لە بەرامبەر بە دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەتدا وەستاوەتەوە و ڕێگری لێ دەکا و فشاری دەخاتە سەر، تا کاتێک کە دەسەڵاتی جەماوەری ئامادەیە کە دەسەلاتی ئێستا وسیستمەکەی بە یەکجاری و بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بگۆڕێ.

ئەمانە دەتوانن ڕێگای جۆراو جۆری جێبەجێکردنی ئەو دروشمی "نا" یە بن کە بۆ دەسەڵات و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن بەرزکراوەتەوە. وە نیشاندانەری هەبوونی بەدیل و ئەلتەرناتیڤی جەماوەری ناڕازی یە لە بەرامبەر دەسەڵات و دامودەزگاکانی ئێستادا. بەدیلی سیاسی و ئابوری و ئیداری خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لەم هەنگاوانەدا دەست پێدەکا کە لە هەموو شوێنێک دژی ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتانەی دەسەڵات بوەستنەوە و ڕێگای پێ نەدەن کە ژیان و بەرژەوەندی ٩٩٪ خەڵکی کوردستان بکاتە قوربانی کەڵەکەی سەرمایە و پاوانکردنی دەسەڵات لای ١٪ کۆمەڵگە.

## درێژەی...پشتیوانی کرێکاران یان ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان

ئەگەر کرێکاران خۆیان ڕێکخراو بکەن لەناو ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیاندا هێزی چالاکی و وشیارییان بەهێزبکەن بەدڵنیایی دەبنە ژیلەمۆی گۆڕانکاری ژیانی خۆیان و هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر. هەربۆیە پێویستە هەریەکە لە من و لەئێوە و لە ئەوانی تر کە کەخاوەن هەر دین ونەتەوە و بیروباوەڕێکی جیاوازیش بین، بەڵام پێویستە بەیەکەوە دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە لەخەمی ڕزگاری چینی کرێکاردا بین لەخەمی هێنانەدی ژیانێکی باشتر بۆ کرێکاراندا بین لەبەرئەوەی هەبوونی ژیانێکی باشتر بۆ کرێکاران بەدڵنیایی دەبێتە هۆکاری هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی نوێتر و باشترو جوانتر بۆ هەریەکمان بەبێ جیاوازی هەستی پێ دەکەین و دەی بینین کە ژیان و کۆمەڵگە ئارام و جوانتر دەبێت، بەگەشاوەیی خۆی نوێ دەکاتەوە، کەواتە چارەسەری کۆتایی ڕزگاری تەواوی کومەڵگە بەندە بە ڕزگاری چینی کرێکارانەوە و خۆش بەختی وئاسوودەیی کرێکارانەوە، نەک باشی کۆمەڵگە پەیوەندی هەبێت بەهەبوونی ئاسوودەیی ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانەوە لەبەرئەوەی وەزیر و سەرۆکی حکومەت وسەرۆکی پەرلەمان و ئەندام پەرلەمانەکان بەردەوام لەخەمی هەبوونی بەردەوامی ژیانی شەهانەی خۆش بەختی وئاسوودەیی خۆیاندان لەپێناوی مانەوەشیاندا درۆی زیاتر وجوانترو ڕازاوەتر و دزی زۆرترو سەرکوت وچەوسانەوەی زیاتر درێژە پێدەدەن. تۆی خوێنەریش ڕاستگۆیانەو ونەترسانە بەرگری بکە لەهێنانەدی ژیانێکی باشتر بۆکرێکاران. سەرکەوتووبێت خەباتی یەکگرتووانەی چینی کرێکار بۆ هێنانەدی نان کار ئازادی و ئیدارەدانی شورایی...

## درێژەی...ڕەشەبای سلێمانی و پەیکەرێ بۆ شوناسی میللی شار

تەماشامان کرد بەس حەمە عومەر نییە!

**پەیکەری ڕەشەبای سلێمانی و دوواندنی زمانی جەستە**

گەر بڕوانین ئەو پەیکەرەی کە وا بەنیاز بوون دروست بکرێ، ببێتە سمبولی ڕەشەبای سلێمانی، واتە کاتێک باس لەخەسڵەتەکانی بوونە شاری سلێمانی بکرێ دەبێ ڕەشەباکەیت لەبیرنەچێ، کە بریتی دەبێت لە چەمکی ململانێی نێوان دوو هێز؛ سروشت و مرۆڤ، کە ئەمەش باسێکی ئونیڤێرسێ لەو هەموو هەڵسوکەوتی ئەو مرۆڤە دەبێت ببێتە تەرجومەی سەردەمەکەی، بەڵام ئەم مرۆڤە لەڕووی جەستەیەوە بە مرۆڤی کوردەواری ناچێ هێندەی بە مرۆڤێکی ڕۆمانی لەڕووی ماسولکەو جەستەیەوە دەزانین کە ئەم مرۆڤە وەرگیراوە، ئەم وەرگرتنەش زیانی لە ئاستی تەکنیکی هونەری پەیکەرەکە داوە لەجیاتی لەبەرگێکی کوردیدا کە شوناسی کوردی، بناسرێتەوە، بەڵام دەبینین لەکەسێکی ئەغریقی دەچێ، گەرچی زمانی جەستەی پەیکەرەکە گوزارشت دەکات لە پیاوێک کە بەرگەی ململانێیەکانی ژیان دەگرێ و بەهەموو هێزی خۆی دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ڕەشەبای شارەکەی، بەچەشنی ڕۆمانەکەی پیرەمێردو زەریای هەمەنگوایی لەناو دەریادا لەگەڵ زریان و باوو بۆران و شەپۆلی دەریا دەکەوێتە ململانێیەکی قورسەوە دواجار پیرەمێرد بەسەر زەریاو شەپۆلەکان و باو بۆران دا زاڵ دەبێ، ئەم پیاوەش لەپەیکەری ڕەشەبادا بەهەمان شێوەیە. ڕووبەڕووی ئالانگاری دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز ئەم کارە هونەریە ناتوانین بە سمبولی شاری سلێمانی بناسێنین بۆ ڕەشەباکەی، بەڵکو خەسڵەتە بنچینەیەکانی پیاوی بەهێزو زۆرانبازی سلێمانی تیا بەرجەستە نەکردوە. بەداخەوە پەیکەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئاستێکی باڵاو بەرزی بەخۆوە نەبینیوە، بەپێچەوانەوە ئەو پەیکەرانەی ئێستا یەک فۆرمیان وەرگرتوە لەڕووی سیماو ڕووی کارەکتەرەکانیەوە. ئەوە جگە لەوەی بۆ شارەزابوون لەدروستکردنی پەیکەری کەسایەتیەکی شارێک پێویستە پەیکەرتاش ئاگای لە بواری کۆمەڵایەتی نەریت و کەلتورو کەلەپورو کارە سەنعەتیەکانی ئەو شارەوە هەبێت، تاوەکو لەڕێگای ئەو کەڵچەڕەوە کەسایەتیەکان و سەردەمەکانیان بناسرێتەوە..

## درێژەی...ئاڵنکارییەکانی تورکیا لەبەردەم بە ئەندام بوونی سوید و فینلەندا لە ناتۆدا

پەیوەندیان بە ئامینە کاکە باوەوە نی یە، ئەو وڵاتە سەبارەت بە فراوان کردنی ناتۆ ڕۆڵیکی چالاکی هەیە، بەڵکو کارتێکی بەهێزی دەست کەوتووە کە هەروا بە ئاسانی لەدەستی نادات. ئۆردوغان لەم کەیسەدا کۆمەڵێ مەرجی دەبێت، ئەم ڤیتۆ پێش وەختەش بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوتە چ لەئاستی دەرەوە و ناوخۆدا.

لابردنی گەمارۆی چەک پێفرۆشتن لەلایەن وڵاتانی ئەوروپا و ئەڵمانیا و سوید و فینلەندا، کە لەدوای پەلاماردانی ڕۆژئاوای کوردستان لەساڵی 2019دا سەپاندیان بەسەریدا.

لابردنی سانسۆر لە فرۆشتنی فرۆکەی (F35)ی ئەمەریکی دوای کڕینی سیستەمی موشەکی (S400)ی روسی لەلایەن تورکیاوە.

ڕاگرتنی پشتگیری لەو ولاتانهی لە دۆزی کورد بەگشتی و لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستانیش بەتایبەتی، مەسەلەی پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوام کێشەیە ناتۆیە، ئەمەش ئۆردوغان دەتوانێت کەڵکی لێوەر بگرێت.

فینلەندا لەسەر بەرزترین ئاست تورکیای نائومێد کرد، بەوەی سەرۆکی پەرلەمانی فینلەندا ڕایگەیاند / وڵاتەکەی بەرازی بوونی تورکیا بۆ ئەندام بوونی ولاتەکەی لە هاوەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ) ئامادە نییە هیچ بەرهەڵستکاریەکی تورکیا لەسەر خاکی وڵاتەکەی ڕادەستی دەسەلاتدارانی ئەنکەرە بکاتەوە.

وەک شێوەیەکیش لە پێشاندانی بێمنەتی بەرامبەر بە نارەزایەتیەکانی تورکیا، سەرۆکی ەرلەمانی فینلەندا جەختی کردوەتەوە بە دڵنیایی ولاتەکەیان دەبێتە ئەندامی ناتۆ.

لەهەمان کاتدا لە سکاڵا نامەیەکدا (17) نووسەر و بڵاوکەرەوەی سویدی ڕایگەیاند، داواکاریەکانی تورکیا بەڕاستی نیگەرانی و نارەحەتی لە سەرتاسەری سوید لێدەکەوێتەوە، نەک تەنیا لەناو ئەوانەی کە وەک ئێمە کار بۆ ڕۆژنامەگەری ئازاد، ئازادی ڕادەربڕین دەکەین. لە هیچ بارودۆخێکدا سوید ناتوانێت نووسەر و بڵاوکەرەوەکان ڕادەستی ڕژێمێک بکات، کە بەنیازە ڕەخنەگرەکانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ولاتیش بێ دەنگ بکات. با نەکەونە ناو تەڵەی ئۆردوغانەوە، کاتێک کە هەوڵ دەدات ڤیتۆ یەک لە ئەندامێتی ناتۆی سویدی بقۆزێتەوە.

## درێژەی دوا وتە

شانسی چوون بۆ قوتابخانەیان هەیە، لە ژوری بچکۆلەدا ٣٠، ٤٠، ٥٠ قوتابی مۆڵ دەکرێن، سێ شفت دەوام هەیە بەهۆی نەبوونی بیناوە. نەهجی خوێندن قورس و ترس ئامێزو دواکەوتوانەیە، شوێنی یاری و وانەی سەرگەرمی کەمە. لە زۆر لە قوتابخانەکاندا ترس و چاوسورکردنەوە هەیە، تەنانەت لێدانیش ماوە. وە بەشێکی زۆری منالان بەهۆی سەختی ژیانەوە دەخرێنە ناو بازاری بێرەحمی کاری پیشەییەوە، لێدان و ئازاردان لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە. تیکەڵ بەکاری سیاسی دەکرێن و ژمارەیەکی زۆریان تیکەڵ بە خورافەی دینی دەکرێن،... مزگەوت بۆ کوران و و حجاب پۆشی بۆ کچان هەیە... لە قوتابخانەکاندا لەیەکتری جیادەکرێنەوەو نامۆ بەیەکیان دەکەن، یاری کوڕانەو کچانە هەیە، بە ئاگرو دوپشکی جەهەنەم دەرترسێنرێن و وانەی دینیان پێ دەوترێتەوە... بەکورتیەکی لە ژیانێکی تا بڵێی دژواردا ڕاگیراون. لە جیاتی ئەوەی گەورەکان گوێ لە منالان و خواستەکانیان بگرن، بە منالان دەڵێن گوێرایەڵ بن. منالان وەک ئینسانی تەواو تەماشا ناکرێن، بە پاساوی ئەوەی کە لەشت تێناگەن ڕاستییەکانیان پێناوترێت و هەوڵدەدرێت شتگەلێکی زۆریان لێ بشارنەوە. ئەم هەلومەرجە ڕێگە لەوە دەگرێت منالان لەزەت لە ژیانی منالانەی خۆیان ببەن... ڕێگە لەوە دەگرێت منالان خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ بن و توانایەکانیان دەربخەن، بێ مافەکانیان هێندە زۆرە نەوە لەدوای نەوە منالی شەرمن لە دڵی کۆمەڵگەدا، بەدوای یەکدا دەهێنرێن. منالانی بێ دایک و باوک، یان بی سەرپەرشتی خێزان... دەوڵەت بەرپرسیاریەتی ژیان و گوزەرانیان هەڵناگرێت و ناچار بەوە دەکرێن خۆیان بەرپرسیاریەتی خۆیان و ئایندەیان لەسەر خۆیان بێت. نەک هەر بەد کەڵی سیکسیان بەرامبەر دەکرێت، بەڵکو کچانی تەمەن نۆ ساڵ لەلایەن ڕەوتە ئیسلامیەکان و لەسەر سونەتی محەمەدی ئیسلام ڕێگەپێدراوە لە ٩ ساڵیدا بەشو بدرێن!! ئیغتیسابی شەرعی... بکرێن. هێشتا کچانی خوار تەمەنی باڵق بوون بەزۆر بەشو دەدرێن، بەڵی ئەمەیە حاڵی منالان لە شوێنی وەکو عێراق و کوردستاندا...

دیارە بەرپرسی سەرەکی ئەم ژیانە جەهەنەم ئاساو نابەرابەرو زاڵمانە و بێمافییە هەمەلایەنەیەی منالان، بەجیا لە دین و کاریگەری ڕەوتە کۆنەپەرست و ئیسلامیەکان، دەسەڵاتی سیاسییە... دەسەڵاتێکە کە باکی بە ئایندەی نەوەکانی خۆیی نییە و دەیەوێت هەموو کۆمەڵگە بە منالانیشەوە بخاتە خزمەت قازانج پەرستی و مانەوەی دەسەڵاتی زاڵمانەو دڵرەقانەی خۆیەوە...

ئەو هەلومەرجەی منالان قابیلی قبوڵ نییە. بەرەی ئینسانی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازو لایەنگرانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا لەبەرامبەر بەو دۆخە بەئاگان و پێویستە لە چوارچیوەی خەبانی خۆیاندا بۆ باشترکردنی ژیانیان، پرسی منالان بکەنە پرسێک بەرەو چارەسەر و بەیاسایی مافەکانی منالان بسەپێنن بەسەر دەسەڵاتدا. با یادی جیهانی منالان بە دروستکردنی ژینگەیەکی پر ئاڵاو واڵاو ڕەنگاو ڕەنگ و بەرەسمی ناسینی مافەکانیان بەرز رابگرین.

2022-6-1

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
راوێژکاری سەرنووسەر: رێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس رەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شاخەوان ناسیح، شەماڵ بارەوانی، کاوە پیرۆت، ئاراس رەشید،هەژێن لوقمان، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئەحمەد هەورامی، حەکیم میرزا ،جەمال نوری، ئارام حەسەن، خالید بایەزیدی، ئیبراهیم هەورامی، عبدالرحمن رەسوڵ، چاوان محەمەد...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق"دا...

## ئەم شارە پۆستەچی تێدا نییە... مانفێستی کتێبی سور

نووسینی:ئیبراهیم هەورامی

وەرگێرانی: زانا کوردستانی



(١)

درۆ تامێکی سەیری هەیە،
تفت و تاڵ.
هەندێک جار، وەک گێلاس شیرین!
بە تایبەت، کاتێ دەڵێی:
-- خۆشم دەوێی!.

(٢)

قسەی زۆرم هەیە، بۆ وتن.
بۆ ئەوەی، رۆیشتنت بیر بچێتەوە،
تەواوی حەرفەکان،
لە بیر خۆم دەبەمەوە!.

(٣)

جەنگ تەواو دەبێ،
سەرکردەکان، دەچنەوە،سەر کورسیەکانیان!
ئێمەش بەرەو، گۆڕستان!
تا بە شەهیدەکان بڵێین:
جەنگ تەواو بوو،
هەموو شتێ وەک خۆیەتی، ئێوە نەبێ.

(٤)

لە ناسنامەکەمدا، نوسراوە:
شوێن، هەڵەبجە!
هەڵەبجە،
ناوی دووەمی تەنیاییە!

(٥)

تەنیایی وایە،
نە تۆ هەیت و
نە مانگ!

(٦)

لەساڵێک دا،
رۆژێکیان بۆ درۆکردن هەیە!
بەڵام،
من بەردەوام درۆ دەکەم!
ئەوەنییە،
هەر کات لەحاڵم دەپرسی،
دەڵێم: باشم!

(٧)

دەردم زۆرە،
هەمووی لە لایەک و
نەبوونی تۆش، لە لایەک!.

(٨)

بۆ کوێ دەڕۆی!
بڕۆ!
بەڵام لەگەڵ من...


(٩)

غەمی، من نابڕێتەوە.
وەک نەهاتنی تۆ!

(١٠)

چێژی ژیان،
هەر ئەوەندەیە کە دەڵێم:
خۆشم دەوێیت.

## دوو بەرهەمی تازەی هیوا ساڵح...








## دوا وتە

## منداڵان زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن!

### نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات، کە لە کۆمەڵگەی چینایەتی ئێستادا، منداڵان بێبەشترین و ستەملێکراوترین توێژی کۆمەڵگەن. راستە ستەم و نابەرابەری، هەژاری، بێکاری و گرانی، دەیان دەردو موسیبەتی تر یەخەگیری چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانە، بەڵام لەناو کوردی ئەم نابەرابەریی و ستەم و زوڵمە سیستماتیک و بێ پەروایەدا، منداڵان زوڵملێکراوترین بەشی کۆمەڵگەن. ئەگەر کرێکاران و کارمەندان، لاوان و ژنان، زوڵمیان لێدەکرێت و مافیان پایماڵ دەکرێت، بەڵام توانای بەرگری لەخۆکردنیان هەیە. لەکاتێکدا منداڵان بەتایبەتی لە خێزانە کەم دەرامەت و هەژارەکاندا قوربانی یەکەمی ژیانی مەمرەو مەژین، لەوەش واوەتر منداڵان بەهۆی منداڵ بوونیان توانای بەرگری لەخۆکردنیان نییە و پێویستیان بە پارێزبەندی و چاودێری گەورەکان و یاساو رێسایە، کە پارێزگارییان لێبکات.

ئەگەر لە بەشێک لە وڵاتانی دنیادا، تا رادەیەک مافی منداڵان بە فەرمی ناسراوەو دەوڵەت و یاسا بەرگری لە ماف و داخوازییەکانیان دەکات. هەرەشەو لێدان و سوکایەتیکردن پێیان یاساغە، کارکردن و بەدکەڵک وەرگرتنی سێکسی و بەکارهێنانیان لە ریزەکانی سوپاو...تاد، بەیاسا قەدەغەکراوە، وە بێگویدانە هەلومەرجی خێزانیان لەرووی مافەکانەوە، مافەکانیان پارێزراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەزوربەی هەرەزۆری دنیادا، هێشتا منداڵان لەسەرەتاییترین مافی منداڵی خۆیان نەک بێبەش کراون، بەڵکو هاوکات کارکردن بە منداڵان، هەرەشە و چاوسورکردنەوەو لێدان و ئازاردان، بەکارهێنانیان لەسوپا و جەنگدا، تا دەگاتە بەدکەڵک وەرگرتنی سێکسی و گرتنە ئەستۆی بژێوی خێزان... راستیە شەرمئاوەرەکانی دنیای ئەمرۆن.

لە وڵاتانی دواکەوتوو، لەو دەوڵەتانەی سەرچاوەی یاساکانیان و دەسەڵاتەکانیان مەزهەبی یان تێکەڵاو بە دینە، دۆزەخی واقعی بۆ منداڵان داخراوەو جەستەی ناسکیان دەکاتە قەرەبروت. لە وڵات و شوێنی وەکو عیراق و کوردستاندا، بەشێکی زۆری منداڵانی چین و توێژە نەدارەکان ئەو توێژەن، کە لە خوێندن و پەروەردە بێبەشن، ئەوانەشی

بۆ لاپەڕە 16